گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپـەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130    P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(12).No(1).Paper29

ڕێــکەوتــی وەرگــرتــن: 01/12/2024
ڕێکەوتی پەسەندکردن: 23/02/2025
ڕێکەوتی بلاوکردنەوە: 28/02/2025

# کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی ئاڵودەبون بە موبایل لای گەنجان

## توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە هەرێمی کوردستان

**چیا فائق رشید[١]- پەروین أبوبكر محمد[٢] - تابان خالد أحمد[٣]**

chia.rasheed@univsul.edu.iq – parwin.muhammad@univsul.edu.iq - taban.ahmed@univsul.edu.iq

[١+٢+٣] بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**

مۆبایل ئامرازێکی گرنگی پەیوەندی و کارلێکی کۆمەڵایەتییە و پێویستییەکی گرنگی ژیانی تاکەکانە. بۆ مەبەستی پاراستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ئاڵوگۆڕی زانیاری خێرایە لە نێوانیاندا، بەڵام کاتێک زیاد لە پێویست بەکاردەهێنرێت، تاک ئاڵودەی دەبێت و لێکەوتە نەرێنییەکانی سەرجەم لایەنەکانی ژیان دەگرێتەوە. ئامانجی ئەم توێژینەوەیەش خستنەڕوی لێکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی مۆبایلە لای گەنج لە هەرێمی کوردستان و دەستنیشانی کاریگەرییە ئەرێنی و نەرێنییەکانی، بە بەکارهێنانی هەردو تیۆری کارلێکردنی هێمایی و سەرمایەی کۆمەڵایەتی، داتاکان لە 534 کەس بە شێوەی هەڕەمەکی لە گەنجی پارێزگاکانی (هەولێر، سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە) کۆکراونەتەوە، لەڕێگەی دابەشکردنی پرسیارنامەی توێژینەوەکە بەشێوازی گوگڵ فۆرم لە مارسی 2024 ئەنجامدراوە. ئەنجامەکان دەریانخست کە کاریگەری دەرونی، تەندروستی، کۆمەڵایەتی و خوێندنی هەبوە. کارلێکی کۆمەڵایەتی نێوان تاکەکان و سەرمایەی کۆمەڵایەتی بەهەمو جۆرەکانییەوە گۆڕیوە، لە گرنگترین دەرئەنجامەکانیش: ڕێگەیەکی هاوبەشپێکردنی یادەوەرییەکان و پەیوەندییە لەگەڵ ئەوانیتردا، لە کاتێکدا هۆکاری دروستکردنی پەیوەندی و مانەوەی پەیوەندییە لەگەڵ ئەوانیتر، لەهەمان کاتدا ئامرازێکی گرنگی دەستکەوتنی زانیاری و فێربونە، بە پێچەوانەشەوە هۆکارە بۆ: بەفیڕۆدانی کات، زیادبونی ماندویی و شەکەتی، ئەنجامنەدانی ئەرکەکانە، لەهەمان کاتدا هۆکاری نیگەرانی هەستنەکردنە بە ئاسایشی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئەوەشدا بوەتە هۆی دروستکردنی کێشەی چاو، نارێکی خەو، ئەنجامنەدانی چالاکی فیزیکی، زیاتر لەوانەش توانای مێشکی بۆ هەڵگرتنی زانیاری سنوردارکردوە، و هۆکاری دروستکردنی سەرقاڵی زیادە و ناپێویستە. هەروەها، لە ئاستی پەیوەندییە پلە یەکەمی و ستونییەکاندا لاوازی و گرژی دروستبوە، بەمەش دۆخێکی دژ یەکی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی گەنجاندا دروستبوە.

**کلیلە وشەکان:** مۆبایل، ئاڵودەبون بە مۆبایل، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، گەنج.

## پێشەكی:

لە كۆمەڵگای ئێستادا، مۆبایلی زیرەك بوە بە بەشێكی گرنگی ژیانی مرۆڤەكان. بەپێی ئامارەكانی ٢٠٢٤، بەكارهێنانی مۆبایل (٧.٤١) بلیۆن بەكارهێنەری لەسەر ئاستی جیهان هەیە، پێشبینی دەكرێت لە ٢٠٢٥دا ئەو ڕێژەیە بگاتە (٧.٤٩) بلیۆن بەكارهێنەر لەسەر ئاستی جیهان (Statista, 2024). مۆبایل لە ئامرازێكی تەكنەلۆجییەوە بوە بە ئامرازێكی كۆمەڵایەتی (Campbell, 2005,2)، كە لەڕێگایەوە كۆمەڵێك سودی جۆراوجۆری وەكو پەیوەندیكردن، دڵخۆشكردن، پاراستنی پەیوەندییەكان، بازرگانیكردن، خوێندن پێ جێبەجێدەكرێت (Kabir, Sarker and Islam, 2023, 283). جیادەكرێتەوە بە خاسیەتی وەكو زیادەڕۆی لە بەكارهێنانی مۆبایل بەبێ گوێدانە ژینگەی دەرەكی، پشتگوێخستنی ژیانی واقعی، وابەستەبونی دەرونی لەسەر مۆبایل، ئەزمونكردنی كشانەوە لە بەكارهێنانی مۆبایل كە دڵەڕاوكێ و هەستكردن بەلەدەستدانی لەگەڵدایە (Ellis *et al.*, 2019: 17-19; Akyol *et al.*, 2021:5). لێرەدا دەكرێت بوترێت كە ئاڵودەبون بەم ئامرازە پلەبەپلە بوە بە كێشەیەكی دیار (Han and Binti Ghazali, 2024,2) لای چینە جیاوازەكانی كۆمەڵگا لەنێوانیاندا گەنجان و بەهۆكاری ئاڵودەبون بە بەكارهێنانی سۆشیال میدیا، یاری ئەلكترۆنی، نامەناردنی خێراوە و كاریگەری دەرونی و كۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و تەندروستی لەسەر دروستكردون (Al-kandari and Al-sejari, 2020: 1; Yang *et al.*, 2022: 1; Han *et al.*, 2023: 1; Kabir, Sarker and Islam, 2023: 271; Li *et al.*, 2023: 1) هەرێمی كوردستانیش، لە ڕوانگەی هەستكردن و تێبینیكردنی توێژەران، بە چەندین كێشەی جۆراوجۆر و زۆری نیگەرانییەكانی گەنج و زیادبونی جۆرەكانی تاوان بە هۆكاری بەكارهێنانی مۆبایل تێدەپەڕێت. ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات ئاستی كاریگەرییە (ئەرێنی و نەرێنییەكانی) دەرونی، و كۆمەڵایەتی، و پەروەردەیی، و خێزانی، و تەندروستی، بەكارهێنانی موبایل لەسەر توێژی لاوان دەربخات، بەمەبەستی دیاریكردنی ئەو كێشانەی بەهۆی بەكارهێنانی موبایلەوە دروستدەبن، لە دوای شیكاركردنی لایەنەكانی ژیانی دەرونی و كۆمەڵایەتی، پەروەرەیی، خێزانی، هەوڵی پێشنیاركردنی ڕینمایی و هۆشیاری دەدات، بەجۆرێك گونجاو بێت لەگەڵ پێویستی و فرە ڕەهەندی ژیانی نوێی گەنج لە كۆمەڵگەی كوردیدا.

## كێشەی توێژینەوە:

بەگشتی كاریگەرییەكانی بەكارهێنانی موبایل لای گەنج چین؟

1. بەكارهێنانی مۆبایل لای گەنجان لە چ ئاستێكدایە و جیاوازی جیێندەری چۆنە لە بەكارهێنانی موبایلدا؟
2. مەبەستەكانی بەكارهێنانی مۆبایل لای گەنجان چین؟
3. كاریگەرییەكانی زۆر بەكارهێنانی مۆبایل لای گەنج لە ڕوی (دەرونی، تەندروستی، كۆمەڵایەتی، خوێندن و پسپۆڕی) چین؟

## ئامانجی توێژینەوە:

1. دەرخستنی ئاستی ئاڵودەبونی گەنجان بە بەكارهێنانی مۆبایلەوە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز.
2. دەرخستنی مەبەستەكانی بەكارهێنانی مۆبایل لەلای گەنجان.

3. دەرخستنی کاریگەرییە ئەرێنی و نەرێنییەکانی موبایل لەسەر گەنج لەڕوی (سایکۆلۆژی، تەندروستی، کۆمەڵایەتی، خوێندن و پسپۆڕی).

### کلیلەکانی توێژینەوەکە:

**مۆبایل**: ئامڕازێکی بچوکی پەیوەندیکردنە و پەیوەستە بە تۆڕی پەیوەندی بێ وایەری و ژمارەییەوە کە ڕێگە دەدات بە بڵاوکردنەوە و وەرگرتنی نامەی وێنەیی، نوسراو، دەنگی بەشێوەیەکی خێراو و لەدور (ماضوي, 38:2013). ئامڕازێکی بچوکە کە بۆ مەبەستی جۆراوجۆر بەکاردێت، ئامرازی پەیوەندیکردنە لە کەسێکەوە بە کەسانی تر بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یان ئامڕازی پەیوەندیکردنە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەڕێگای پەیوەستکردنی بە ئامڕازی ترەوە (عليان & الطوباسي, 60:2005) ئامێرێکە مرۆڤەکان هەڵیدەگرن بۆ پەیوەستبون بە تۆڕی پەیوەندییەکان بە مەبەستی گواستنەوە و وەرگرتنی زانیاری، ڤیدیۆ، یان زانیاری دیکە لە ڕێگای سستەمی تەلەفونی خانەیی یان تەلەفونی جیهانی لەسەر بنەمای مانگی دەستکرد(Borth, 2024). ئەو ئامرازەیە کە بەکاردەهێنرێت بۆ پەیوەستبون بە تۆڕی پەیوەندییەکان لە پێناو کرداری پەیوەندیکردن(Obilor, 2023:24) .

**ئاڵودەبون بە مۆبایل**: جۆرێکە لە "ئاڵودەبونی ڕەفتاری" کە ئاماژەیە بۆ لەڕادەبەدەر بەکارهێنانی ئەرکەکانی مۆبایل، بۆ نمونە یارییەکان، ئەنتەرنێت، کورتەنامە (He, Yang and Meng, 2023: 127). هەروەها پێناسە دەکرێت بەوەی کە تاکێک ئەبێت بە ئاڵودەبوی مۆبایل، کە لە باری ڕارایدا بێت، لەو بارەدا تاکەکە بەرەو لاوازی ئەرکە فیزیکی و سایکۆلۆجی و کۆمەڵایەتییەکانی دەبات(Rooij and Prause, 2014:204). لەڕوی دەرونییەوە، ئاڵودەبون وەکو بارێکی دەرونی وابەستەی نەگونجاو لە بەکارهێنانی مۆبایل دەناسێنرێت Davazdahemami, Hammer and) .Soror, 2016: 1468)

**پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان:** جۆرێکە لە جۆرەکانی کارلێکردنی کۆمەڵایەتی لەنێوان دولایەن یان زیاتر کە وێنای یەکتریان لەلا دروست دەبێت و کاریگەری ئەرێنی یان نەرێنی هەیە لەسەر بڕیاردان لەسەر یەکتر، وەکو پەیوەندی هاوڕێیەتی ( فوزية و الزهراء, 50:2018). هەروەها پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان پێناسەدەکرێت بە بونی پەیوەندی نێوان لە نێون تاکەکان، کە کارلێکردن و کاردانەوە لە نێوانیاندا هەیە (بدوي, 1982: 352).

**گەنج:** کۆمەڵناسی بەگشتی سەیری قۆناغی گەنجی دەکات وەک پێگەیەک کە بەدەستیهێناوە یان وەک تایبەتمەندییەک کە کۆمەڵگا دیاری دەکات، نەک تەنها وەک بارودۆخێکی بایۆلۆژی کە پەیوەندی بە تەمەنی گەنجیدەوە هەیە. قۆناغێکی ژیان دەگرێتەوە، کە لە کۆتایی منداڵییەوە تا سەرەتای گەورەیی درێژدەبێتەوە (سکوت & مارشال, 2011 :256). لە ڕوانگەیەکی ترەوە ئەوکەسانەن تەمەنیان لە نێوان هەژدە بۆ بیست و چوارساڵدایە، واتە ئەوانەی کە بەزۆری خوێندنی گشتییان تەواو کردوە، لەهەمان کاتدا قۆناغێکی ڕاگوزەرە تیایدا لە قۆناغی ڕێنمایی و خەمخۆری تێدەپەڕن و زیاتر ئازاددەبن، هەر بۆیەش ئەم قۆناغە پێویستی بە گرنگیدانی تایبەت هەیە (بدوي, 452:1982) بەزۆری بە واتای تاکەکەسە، لە تەمەنی هەرزەکاریدا، واتە قۆناغی نێوان باڵغبونی سێکسی و پێگەیشتن. هەندێک جار هەندێک زانا وەک گازێل بەکاری دەهێنن بۆ ئەوەی قۆناغەکە لە دە ساڵ تا شانزە ساڵ بگرێتەوە، بەڵام ئەو ماوەیەی کە گەنجی تێیدا کۆتایی دێت دیارینەکراوە و ڕەنگە هەندێکیان تا دەوروبەری تەمەنی سی ساڵی درێژ بکەنەوە (مدكور, 333:1975) .

لەم توێژینەوەیەدا گەنج ئەو قۆناغەی تەمەنە کە دەکەوێتە نێوان منداڵی و پێگەیشتنی تەواو، و تایبەتمەندە بە گەشەکردنی شوناسی کەسی و کۆمەڵایەتی. تەمەنیان لەنێوان 18 بۆ 35 ساڵدایە.

**توێژینەوەکانی پێشو:**

توێژەران توێژینەوەکانیان بە ئاڕاستەی دیاریکردنی پەیوەندی نێوان ئاڵودەبونی مۆبایل و هۆکارە دیمۆگرافییەکان لای گەنجان ئەنجامداوە. کۆمەڵێک توێژەر لە توێژینەوەیەکیاندا لەنێوان قۆناغ و کلاسە جیاوازەکانی خوێندکارانی کۆلێژی پزیشکی کە بەشێوەی فرە قۆناغی چیندار ئەنجام دراوە، ئەنجامەکانیان ئاماژە دەکەن بە بەرزی ئاستی ئاڵودەبونی مۆبایل لای ڕەگەزی نێر بەراورد بە ڕەگەزی مێ(Tian *et al.*, 2021:4)، بەڵام ئاڵودەبون بە مۆبایل جیاوازی نییە لەلای خوێندکارانی بکالۆریۆس و خوێندنی باڵای تەمەن (١٨-٢٥)ساڵ؛ خوێندکاری بکالۆریۆس و خوێندنی باڵا لە توێژینەوەیەکی وەسفی نائەزمونی دەریدەخات کە هیچ جیاوازییەک نییە لە ڕادەی بەکارهێنانی مۆبایلدا بەڵکو هەردوکیان ئاڵودەبون بە مۆبایل بەڵام بەپێچەوانەی توێژینەوەی Tian و هاوڕێکانی، لەنێوان ڕەگەزەکاندا، ڕەگەزی مێ زیاتر ئاڵودەی مۆبایلە، سەرەڕای هەبونی جیاوازی لە نێوان خوێندکارانی شار و لادێدا کە ڕادەی بەکارهێنان لای گەنجانی شار زیاترە لە گەنجانی لادێ (Joy and Mathew, 2016: 3-4). هەروەها لە توێژینەوەیەکی چەندێتی Armakolas و Lora و Walig´ora، ئەنجامەکان ئاماژە بە ئاستی خوێندن و داهاتی دایک و باوکی گەنجان دەکەن و لە توێژینەوەکەیاندا دەرکەوتوە ئەو گەنجانەی لە خێزانێکدان کە ئاستی خوێندنی دایک و باوکیان بەرزە (بەلانی کەم دایکیان یان باوکیان بڕوانامەی زانکۆیان هەیە)و داهاتیان مامناوەندە، ئارەزوی ئاڵودەبونیان بە مۆبایل زیاترە (Armakolas, Lora and Walig´ora, 2024: 916). لە لایەکی ترەوە، توێژەران توێژینەوەکانیان بە ئاراستەی دیاریکردنی کاریگەرییەکانی ئاڵودەبونە بە مۆبایل لای گەنجان ئەنجام داوە. مۆبایل سودی جۆراوجۆری هەیە لەوانە هۆکاری پەیوەندیکردنی گەرموگوڕ و خۆشەویستی و بڵاوکردنەوەی زانیارییە لەگەڵ هاوڕێیاندا بەشێوەی ئۆنلاین (Yang *et al.*, 2022: 10). لە بواری خوێندندا، بۆ نمونە، گەنج مۆبایل بۆ داخڵبون بە سەرچاوە ئۆنلاینەکان، زانیارییەکان، پەیوەندیکردن لەگەڵ هاوڕێ و مامۆستاکان، بەشداریکردن لە گفتوگۆ ئۆنلاینەکان و پرۆژەکان بەشێوەی گروپ بەکاردێنێت، هەروەها بە بەکارهێنانی مۆبایل دەتوانرێت بەشداریکردن و هاندان زیادبێت لەڕێگای ئەزمونی فێربونی کەسی و ئاسان داخڵ بون بە کەرەستەکانی کۆرسی فێربون(Kabir, Sarker and Islam, 2023: 273) . سەرەڕای ئەوانەش، مۆبایل ئامرازی وەرگرتن و ئەنجامدانی پەیوەندییەکانە، هۆکاری وەرگرتن و ناردنی ئیمەیڵە، بەهۆیەوە وێنەکان دەگیرێن و کاروباری بانکی و یاریکردن و بەکارهێنانی ئەپەکانی خوێندنی پێ جێبەجێدەکرێت(Lis-gutiérrez and Zapata-patarroto, 2023: 7). بەدڵنیاییەوە بەزۆر دوبارە بەکارهێنانەوەی ئەم ئامرازە، ترسی دەبێت لە نێوانیشیاندا ئاڵودەبونی مۆبایل (Armakolas, Lora and Walig´ora, 2024: 911). ئاڵودەبون بە مۆبایل کاریگەری نەرێنی لەسەر لایەنی دەرونی، کۆمەڵایەتی، پەروەردەی، تەندروستی گەنجان هەیە(Yang *et al.*, 2022:1; Kabir, Sarker and Islam, 2023:271; Yao, 2023:186).

لە توێژینەوەیەکی چەندێتیدا، کاریگەری زیاد بەکارهێنانی مۆبایل لای خوێندکاران وەک کێشەیەکی کۆمەڵایەتی توێژینەوەی لەسەرکراوە؛ ئەنجامی توێژینەوەکە ئاماژە دەکات بەوەی ئەو خوێندکارانەی کە پەیوەندی کۆمەڵایەتییان هەیە کەمتر کێشەی ئاڵودەبون بە مۆبایلیان هەیە بۆ نمونە بونی پەیوەندی هاوڕێیەتی کاریگەری ئەرێنی هەیە لەسەر دورکەوتنەوە لە ڕادەبەدەر بەکارهێنانی مۆبایل و هۆکارە بۆ پشتگیری کردن و یارمەتیدان و هاوکاریکردن لە کاتی پێویستیدا، هەروەها ئەو خوێندکارانەی کە پەیوەندییان لەگەڵ دایک و باوکیان هەیە، کەمتر ئەگەری ئاڵودەبون بە مۆبایل گەشە

دەکات لەلایەن(Armakolas, Lora and Walig´ora, 2024:911). ئەو خوێندکارانەی ئاستی ئاڵودەبونیان بە مۆبایل (وەک یاریکردنی ئونلاین) بەرزە، دەکرێت کارلێکردنی تاکەکەسیان لەگەڵ هاوڕێکانیان و لە ژیانی واقعیدا کەمتر بێت(Yang *et al.*, 2022:1). هەروەها ئەو گەنجانەی تەمەنیان لە نێوان (١٧-٢٦) ساڵیدایە و زیادەڕەوی دەکەن لە بەکارهێنانی مۆبایلدا، ئاستی دابڕانی کۆمەڵایەتییان بەرزە، واتە توشی دابڕانی کۆمەڵایەتی بون، ئەمەش بەتایبەتی لای ڕەگەزی کور کە تەمەنیا لە ٢٢ ساڵیدایە و مۆبایل بۆ وەتس ئەپ و فەیس بوک بەکاردێنن و لای ڕەگەزی مێ کە تەمەنیان ٢١ ساڵ و گەنجترن و زیاتر مۆبایل بۆ سناپ چات بەکاردێنن (Al-kandari and Al-sejari, 2020:11-13). هەروەها، ئاڵودەبون بە مۆبایل کار لە دەرونی گەنجان دەکات بە جۆرێک کە کاریگەری هەیە لەسەر تەندروستی دەرونی وەک شڵەژانی دەرونی و هۆکاری پەشۆکاوی/گرژی پەیوەندییە کەسییەکان بێت (Sakhawalkar *et al.*, 2023:292) (He, Yang and Meng, 2023; Yao, 2023:126)). لە توێژینەوەیەکی میتۆدی تێکەڵدا و بە بەکارهێنانی فۆرمی ڕاپرسی بە شێوازی ئۆنلاین لە نێوان گەنجانی تەمەن ١٩-٢٨ ساڵیدا کە بە شێوەی هەڕەمەکی چیندار هەڵبژێرابون لە بنگلادش، توێژەران گەشتنە ئەو ئەنجامەی ئەو گەنجانەی کاتێکی زۆر مۆبایل بەکاردێنن، ئەگەری زیاترە کە ئەزمونی دڵەڕاوکێ و خەمۆکی زیاتر بکەن.

سەرەڕای کاریگەری کۆمەڵایەتی و دەرونی، ئاڵودەبون بە مۆبایل کاریگەری هەیە لەسەر خوێندن. خوێندکار ئەو چینە گەنجەیە کە بەهۆی ئاڵودەبون بە مۆبایلەوە سەرقاڵ دەبن، فۆکسیان بۆ خوێندن کەم دەبێت و نمرەی نزم دێنن، چونکە ئەو خوێندکارانەی کاتێکی زیاتر لەسەر مۆبایل دەبن، ئەگەری زیاتری دڵەڕاوکێ و خەمۆکی دەبن و ئەگەری زیاتری نەرێنی لەسەر ئەدای ئەکادیمی هەیە(Kabir, Sarker and Islam, 2023:284). (نوسەران) لە توێژینەوەکەیدا، دەربارەی پەیوەندی نێوان ئاڵودەبونی مۆبایل و (تحصیل دراسي) لای خوێندکارانی زانکۆ کە بەشێوەی فرە قۆناغی چیندار هەڵبژێرابون، دەرکەوت کە ئاڵودەبون بە مۆبایلەوە کاریگەری نەرێنی لەسەر تەرخانکردن و کارامەی فێربونی خوێندکاران هەیە لە لایەنی پەرۆشی و دەسپێشخەری بۆ فێربون و هەوڵدان بۆ تەواوکردنی پرۆسەی فێربون(Tian *et al.*, 2021:5). کاریگەری ئاڵودەبونی مۆبایل لەسەر تەندروستی گەنجان سەرنجی توێژەرانی ڕاکێشاوە بەجۆرێک کە توێژەران لە توێژینەوەکانیاندا گەشتونەتەئەو ئەنجامانەی کە ئاڵودەبون بە مۆبایل پەیوەندی هەیە بە کەمکردنەوەی کوالێتی خەو و خەوزران (بێ خەوی).(Sakhawalkar *et al.*, 2023:292; Yao, 2023:186). توێژەران لە توێژینەویەکی ڕوپێوی کۆمەڵایەتیدا گەشتونەتە ئەو ئەنجامەی کە ئاڵودەبون هۆکارە بۆ لاوازی کوالێتی خەو چونکە زۆر بەکارهێنانی مۆبایل وادەکات کە کاتێکی زۆرتریان پێویست بێت تا دەچنە ناو خەوەوە (Sinha *et al.*, 2022:383-384). هەروەها ئاڵودەبون کاریگەری هەیە لەسەر کات و دوبارەکردنەوە و ڕادەی ئەنجامدانی ڕاهێنانی فیزیکی جەستە بە جۆرێک تا ئاڵودەبونەکە زیاتر بێت، ڕاهێنانی فیزیکی کەمتر دەبێت (Han *et al.*, 2023:1).

ئەم توێژینەوەیە، هاوشێوەی توێژینەوەکانی پێشو وە سود وەرگرتن لێیان، توێژینەوە لەسەر کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی ئاڵودەبون دەکات لەسەر گەنج، بەڵام لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتی جیاوازدا کە هەرێمی کوردستانە؛ بابەتی توێژینەوەکە دەکرێت کاریگەری کۆمەڵایەتی جیاوازی هەبێت لەسەر گەنجان بەپێی گۆڕاوەکان و بوارە جیاوازەکان لە هەرێمی کوردستان و جیاواز لەو چوارچێوە کۆمەڵایەتییانەی کە توێژینەوەکانی پێشوی تیا ئەنجام دراوە. ئەمەش دواجار دەکرێت ئەنجامی جیاواز بەدەست بخەن کە ڕێگاکانی چارەسەرکردنیشیان جیاواز دەبێت.

## تێڕوانینی تیۆری بۆ ئاڵودەبون بە موبایل لای گەنجان

### تیۆری کارلێکی هێمایی و ئاڵودەبون بە موبایلەوە Symbolic interaction

لەڕوانگەی تیۆری کارلێکی هێماییەوە، ژیانی کۆمەڵایەتی بەرهەمی کارلێکی نێوان تاکەکانە، کارلێکیش بەرهەمی ئەو هێمایانەیە کە تاکەکان بەهۆی ئەو وێنە زەینیانەی بەرامبەر ئەوانیتر دروستیانکردوە، لەدوای کارلێککردنیان لە هەڵوێستێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا، و لەڕێگەی ئەو ڕۆڵەی هەیانبوە لەگەڵ ئەوانیتر، لەهەمان کاتدا زمان و کولتورو هێما وەك ئامرازێکی گرنگ کاریگەریان لە دروستکردنی ئەو هێمایانەدا هەیەو، خودی کۆمەڵایەتی پێکدەهێنن. خودی کۆمەڵایەتیش بەرئەنجامی هۆکارە دەرونییەکان (کەسییەکان)ی وەك: تایبەتمەندییەکانی تاك و سیماکانی کەسێتی و، هۆکارەکۆمەڵایەتییەکانیش : وەك ئەو بونیادە کۆمەڵایەتییەی ژینگەی کۆمەڵایەتی تاکەکەسی پێکهێناوە، ئەمانە کاردەکەنە سەر چۆنێتی دروستبونی وێنەی زەینی بۆ هەڵسەنگاندنی تاك بۆخودی خۆی و هەڵسەنگاندنی ئەوانیتر بۆی، دواجار لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندنی ئەوانیتر خۆی هەڵدەسەنگێنێت، ئەویش لەمیانی زمان و ئەو پەیوەندییەی لەنێوانیاندا هەیە، چونکە بەهۆی زمانەوە گوزارشت لە و هێمایانە دەکات کە لەنێوان ئەو دو کەسەدایە، بەهۆی ئەو ڕۆڵەی هەیانەو، لەڕێگەی ئەو کردە کۆمەڵایەتییەی تاك ئەنجامی دەدات، لە ماوەی، کاتی پێکەوەبونیان، لەکۆتاییدا بڕیار لە قوڵبونەوەی پەیوەندییەکان یان شێوازی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئەوانیتردەدات، جگە لەوانەش، تاك وێنەی زەینی لەسەر هەمو ئەو شتە ماددی و ناماددیانە دروستدەکات کە ئەزمونی کردون، وێنە زەینییەکانیش دەبنە هێما، هێماکانیش بەهایەکی دیاریکراویان هەیە، کە لەبەرئەنجامی تاقیکردنەوەوە بۆ تاك دروستبون و، بڕیاری لەسەر دەدات کە کەسێکی بە کێشەیە، یان بوێرە (حسن, 1999:90-80).

بە گشتی کارلێکی هێمایی دو لایەنی هەیە، یەکێکیان کردەی کۆمەڵایەتی ئاڕاستەکراوە، کە هەڵگری مانایەکە، ئەویتریان، پرۆسەی کارلێکە لەمیانی هێمایەکەوە، لەگەڵ تێگەیشتن و خوێندنەوەی تاکە کارلێککراوەکان بۆئەو هێمایە، ئەویش پەیوەستە بە لایەنی ئەقڵی و بیروباوەڕو بۆچونی تاکەکان و حقیقەتە کۆمەڵایەتییەکەیان، زمانیش تیایدا ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت، چونکە پرۆسەکانی کارلێک و پەیوەندیکردن بریتین لە بەکارهێنانی هێمای مانادار، ماناکان لە چوارچێوەی ئەزمونەکانی گروپ و سیاق (بەستێن) کرداردا لێکدەدرێنەوە(عثمان, 2008:113) .

لە ژیانی گەنجدا موبایل زیاترە لە تەنها ئامرازێك بۆ پەیوەندیکردن؛ هێمایە بۆ سەربەخۆیی، لەهەمان کاتدا وەك ئامرازێکی کارلێککردن بەشداریدەکات لە بنیاتنانی شوناسی تاکدا، لەگەڵ ئەوەشدا پلاتفۆرمەکانی موبایل بەکاردەهێنرێن بۆ سەلماندنی خود و دروستکردنی پەیوەندی بەردەوام لەگەڵ ئەوانیتردا، هەروەها هەڵسەنگاندنی خودە لەڕێگەی ئەو ئاماژانەوە کە بەرکەوتنی لەگەڵیاندا دەبێت، بۆ قبوڵکردن و ڕەتکردنەوە لەهەڵوێستە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا، مۆبایل مانای نوێ دەبەخشێت، بە کارلێککردن لەگەڵ ئەوانیتردا، چۆنێتی کاریگەری هێماو مانای کۆمەڵایەتی لەسەر ڕەفتاریان، بەجۆرێك لەچوارچێوەی چاوەڕوانی و پێشبینی ئەوانیتردا بن، بۆنمونە: وەڵامی خێرای پەیوەندییەکان، نامەناردن، ئامادەیی چالاکانەی ناو گروپەکان، لایك و کۆمێنت، هەروەها کاریگەریان لەسەر دەرخستنی چۆنێتی وێنای گەنج لای هاوڕێکانی هەیە، بەهۆیەوە گەنج فیدباکی خۆی وەردەگرێت و هەڵسەنگاندن بۆخۆی دەکات، ئەوەش یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتنی گەنجەکان لەیەکترو چۆنێتی بنیاتنانی ماناکان لەچوارچێوە کولتوریی و کۆمەڵایەتییەکەیدا، ئەمەش تاك ئاڕاستە دەکات بۆ پشکنینی زو زوی موبایلەکەی، بەجۆرێك ناتوانێت چەند کاتژمێرێك یان چەند ڕۆژێك لە مۆبایلەکەیەوە دوربێت، ئەمەش وەکو ئاڵودەبون بە موبایلەوە تەماشا دەکرێت، لەهەمان کاتدا پیشاندانی وێنای زەینی خۆیەتی بەئەوانیتر، بەڵام بەو شێوەیەی خوازیارێتی نەك وەك ئەوەی لە واقعیدایە. ئەگەر گەنجەکان لە کارلێکە ئۆنلاینەکاندا پەسەند نەبن، وێنای

خودێکی شێواو نەویستراو بۆخۆیان دەکەن، ئەمەش لەوانەیە ببێتە هۆی نیگەرانی و دڵەڕاوکێ و ترس لە قبوڵبونی کۆمەڵایەتی و، لەئەنجامدا گەنجەکان دوچاری گۆشەگیری و دابڕان دەبن، ئیتر لە پێناوی بەردەوامبونی پەیوەندیەکانی لەگەڵ دەوروبەردا، گەنج ئاڵودەبونی بە مۆبایلەکەیەوە قوڵتر دەبێتەوە، هەروەها بەردەوامبونی کۆمەڵێك گەنج لە گروپێکی ئۆنلایندا، ناچاردەبن ئاڵودەی مۆبایلەکانیانبن، پاشان ئەم حاڵەتە گەنج ئاڕاستە دەکات بەرەو پەیوەندی گریمانەیی نەك کارلێکی ڕوبەڕوانە، کە تیایدا بەهاو نۆرمەکانی گەنج لە قاڵب دەدرێنەوەو، بەشداردەبن لە دارشتنی مانای کۆمەڵایەتی گەنج بون لەسەردەمی دیجیتاڵیدا، هەروەها کارامەییەکانی پەیوەندییکردنی گەنج لاواز دەکات و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە ڕاستەقینەکانیی و بەشدارییە کردەییەکانی، کەمدەکەنەوەو توانای پەیوەندی ڕوبەڕوانەی لاواز دەبێت، بەدوایدا متمانە بەخود و دەوروبەرە کۆمەڵایەتییەکەی لاواز دەکات. ئاڵودەبون گەنج ئاڕاستە دەکات، بەوەی بەردەوامبون و مانەوە لەسەر هێڵ، بەجۆرێك واهەست دەکات پێگەکەی بەستراوەتەوە بە بونی پەیوەندی دیجیتاڵی ئەوانیترەوە، ئەم هەستە چەن بەهێز بێت ئەوەندە گەنج پشکنیبنی زیاتر بۆ موبایلەکەی دەکات.

### تیۆری سەرمایەی کۆمەڵایەتی Social Capital theory

بیرۆکەی سەرەکی تیۆری سەرمایەی کۆمەڵایەتی بریتی یە لەوەی کە بونیادی پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان 'سود' دەستەبەر دەکەن(Nahapiet and Ghoshal, 1998:243). مرۆڤەکان تۆڕی پەیوەندییەکانیان وەکو مەواردێکی کەسی بۆ پۆلێنکردنی سودەکانیان بەکاردێنن (خليل, 26:2017). پەیوەندییە خێزانی و ڕێکخراوەییەکان ڕۆڵیان لە بەرهەمهێنانی سود بۆ ئەندامەکانیان هەیە؛ سودەکان لە ڕێگای پەیوەندییە ڕاستەوخۆکانەوە بەرهەم دێن و ڕەفتارەکان ئاڕاستە دەکەن(Coleman, 1994:318-320). جەیمس کۆلمان(1994 ,1988)، وەک یەکێک لە پێشەنگەکانی تیۆری سەرمایەی کۆمەڵایەتی، لە تیۆرەکەیدا ئاماژە دەکات بەوەی کە یەکێک لە تایبەتمەندی و بونیادی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بریتییە لە (پەیوەندی نزیک)، کە دەبێتە سەرچاوەی سود بۆ ئەندامانی ناو پەیوەندییەکان، لەبەرئەوەشە کە کۆلمان ناوی دەنێت سەرمایەی کۆمەڵایەتی. کۆلمان ئاماژە دەکات بەوەی کە پەیوەندی بەهێز یان ڕاستەوخۆ لە نێوان خەڵکدا مانای ئەوەیە کە هەر مرۆڤێک پەیوەندی لەگەڵ مرۆڤەکانی تردا هەیە (Burt, 2001:37). لەڕێگای پەیوەندییە ڕاستەوخۆکان یان بەهێزەکانەوە، متمانە و نۆرمەکان دەردەکەون چونکە پەیوەندییە بەهێزەکان وادەکات کە مرۆڤەکان هانی یەکتری بدەن لەسەر گۆڕینی ڕەفتارێک یان یەکتری بپارێزن لەهەر ئەگەرێکی نەرێنی دەرەکی، بەڵام ئەو جۆرە لە پەیوەندی نەبێت، ئەوا بەهاکان دەرناکەون یان بە مانایەکی تر، سودەکان کە سەرمایەی کۆمەڵایتین بەدەست نایەن. هەروەها پەیوەندییەکان سەرچاوەی هەڵقوڵانی زانیارییەکانن کە ڕەفتارەکا پێک دێنن، کۆلمان پێی وایە کاتێک کەسێک ئارەزوی چونی بۆ ڕوداوێکی کۆمەڵایەتی نەبێت، ئەوا ئەتوانێت پرسیار لە هاوڕێکەی بکات کە هاوبەشی زانیارییەکانی بۆ بکات ئەوەش لەڕێگای ئەو پەیوەندییە بەهێزەی لەنێوانیاندا هەیە (Coleman, 1994:310,318). لە تیۆری سەرمایەی کۆمەڵایەتیدا، دەکرێت سودەکان تایبەتمەندی تێکڕاییان هەبێت لەسەر ئاستی کۆمەڵ یان گشت. ئەم تێروانینە دەکرێت بە ڕونی لە پێناسەی پوتنام (١٩٩٥) بۆ سەرمایەی کۆمەڵایەتی ڕون دەبێتەوە کە پێیوایە سەرمایەی کۆمەڵایەتی تایبەتمەندی/ جیاکەرەوەی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانە بۆ نمونە پەیوەندییەکان، بەهاکان، وە متمانەی کۆمەڵایەتی کە ئەمانە هاوکاری و هاوتای ئاسان دەکەن بە مەبەستی سودی ئاڵوگۆڕکراو یان دو لایەنە. پوتنام پێیوایە کە تایبەتمەندییەکان لە نێوانیانیشدا پەیوەندییەکان، نیشانەی سەرجەم یان کۆمەڵیان هەیە و بەرهەمی کۆمەڵیان دەبێت؛ کاتێک مرۆڤ لە ڕێکخراو و نادییەکاندا و لە ڕێگای پەیوەندییە بەهێزەکانیانەوە پەیوەستن لەگەڵ

یەکتری، هەروەها کاتێک لەگەڵ یەکتری کارلێک و هاوکاری یەکتری دەکەن، دواتر، سودەکان چێژی لێوەردەگیرێت لەلایەن هەمو ئەندامانی ناو ڕێکخراو یان نادییەکانەوە. لەبەرئەوە هەتا مرۆڤەکان زیاتر پەیوەندییان پێکەوە هەبێت و هاوکاری یەکتری بکەن، سودی زیاتر (وەک زانیاری) دەستەبەر دەبێت بۆ کۆی ئەندامانی ڕیکخراو، شار، هەرێم، یان وڵات(Putnam, 1993, 1995). لێک نزیکی دەرونی و کۆمەڵایەتی بۆ نمونە ڕۆشنبیری متمانه و لێبوردەی بەرهەمی ئەو پەیوەندییانەن کە ڕوبەڕو لەنێوان مرۆڤەکاندا دروست دەبێت. لەبەرئەوە سەرمایەی کۆمەڵایەتی بە یەکێک لە مواردەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵایتی دادەنرێت کە دەکرێت کار بکرێت بۆ گەشەپێدان و پاڵپشتیکردنی و گۆڕینی بۆ ئامانجە ستراتیجییەکان، وە ئاماژەیە بۆ هەمو ئەو دامەزراوە و پەیوەندی و داب و نەریتەی کە قەبارە و جۆری کارلێکردنەکان لەناو کۆمەڵگا دیاری دەکات، ئەوەش لەڕێگای ئەو پەیوەندییانەی کە پیوەستیکردون پێکەوە لەناو کۆمەڵگا (خليل, 2017:39-38). کۆمەڵناسی فەرەنسی (بۆردیو) بە هەمان شێوەی کۆلمان و پوتنام، ئاماژە بە گرنگی پەیوەندی بەهێز (ڕوبەڕو) دەدات وەک ئەو سەرچاوانەن کە توانای شاراوە و ڕاستەقینەن و لە پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤەکاندا دەچەسپێن. هەروەها دەکرێت سەرمایەی کۆمەڵایەتی وەکو سەرمایەیەکی بە کۆمەڵ بپارێزرێت و بەهێز بکرێت لە ڕێگای وەبەرهێنان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە ڕو بەڕوەکانەوە (Son, 2013:12).

لە ڕوانگەی ئەو بۆچونە سەرەکیانەی لە تیۆری سەرمایەی کۆمەڵایەتی خرانەڕو، ئاڵودەبون بە مۆبایل دەکرێت کاریگەری هەبێت لەسەر سەرمایەی کۆمەڵایەتی لای گەنجان. ئاڵودەبون بە مۆبایل ئەکرێت نا هاوسەنگی لە نێوان پەیوەندییە ڕو بەڕوەکان و ئۆنلاینەکان دروست بکات چونکە گەنجان کاتێکی زۆر لەگەڵ هاوڕێ و خزمانیان کارلێل دەکەن بە شێوەیەکی ئۆنلاین، زیاتر لەو کارلێکردنانەی لەگەڵ هاوڕێ و خێزان و خزمانیان دەیکەن بە شێوەیەکی ڕوبەڕو. ئەمەش ڕەنگە هۆکاری کەمبونەوەی گەشەکردنی پەیوەندییە بەهێز و ڕوبەڕوەکان بێت کە پێویستی سەرەکین بۆ بنیاتنانی متمانە، نۆرمەکان، ئاڵوگۆرکردنی زانیاری و هاوکاریکردن و هاوتای و هاوبەشیپێکردنی (سەرمایەی کۆمەڵایەتی). لەسەر ئاستی کۆمەڵیش، کاتێک گەنجان ئاڵودە دەبن بە مۆبایل، دەکرێت سەرمایەی کۆمەڵایەتیش کەم بێتەوە چونکە کارلێکردنە کۆمەڵایەتییە ڕوبەڕوەکان لاواز دەبن، دواتر بەشداریکردن لە چالاکییە ناوخۆییەکانی ناو کۆمەڵگا کەم دەبێتەوە و بەمەش یەکگرتنی کۆمەڵایەتی کەم دەبێتەوە.

## چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە:

### میتۆدی توێژینەوەکە:

لە پێناوی دەرختسنی کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی زۆر بەکارهێنانی مۆبایل لە کۆمەڵگەدا، میتۆدی وەسفی شیکاری بەکارهاتوە، هەوڵی زانینی پەیوەندی گۆڕاوێکە بە گۆڕاوێکی ترەوە، زیاتر لەوەش ئەم میتۆدە ئەو زانیارییە گرنگانە دەداتە توێژەر کە وێنەیەکی گشتی بابەتی توێژینەوەکە دەنەخشێنێ، هەروەها ئامانج لە بەکارهێنانی ئەم میتۆدە لەلایەن توێژەرانەوە تێگەیشتنی ئێستای کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی زۆربەکارهێنانی مۆبایلە لەسەر گەنج لەهەرێمی کوردستان کە ئەمەش یەک دەگرێتەوە لەگەڵ سروشتی ئەو بابەتەی توێژینەوەیە.

### کۆمەلگە و نمونەی توێژینەوەکە:

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە: هەرێمی کوردستانە، پێکدێت لە پارێزگاکانی (سلێمانی، هەولێر، دهۆک، هەڵەبجە) کۆمەڵگەیەکی گشتییە کە دەمانەوێت گشتاندنی دەرئەنجامی توێژینەوەکەی لەسەر بکەین، نمونەی توێژینەوەکە گەنجی

تەمەن (18-35) ساڵ لەسەر ئاستی هەمو پیشەو توێژە جیاوازەکان، بە جۆری هەڕەمەکی، پێکهاتوە لە (534) گەنج پشت بەستن بە خشتەی قەبارەی نمونە بە ئاستی متمانەی ٩٥٪ کە لە کتێبە ئامارییەکاندا پەیڕەودەکرێت، ئەگەر کۆمەڵگەی توێژینەوەکە لە ١٠٠٠ کەس زیاتر بو، ئەوا بە ئاستی متمانەی ٩٥٪ لە توێژینەوە مرۆڤایەتییەکاندا دەتوانرێت زیاتر لە ٥٠٠ کەس وەربگیرێت.

**ئامڕازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری:**

بریتییە لە فۆرمی ڕاپرسی، و شیکاریکردن بە پاکێجی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان (S.P.S.S.)، لەم توێژینەوەیەدا فۆرمی ڕاپرسی بەکارهاتوە بە پشت بەستن بە تێڕوانینە تیۆرییەکان و توێژینەوەکانی پێشو، لە (30) پرسیاری داخراو پێکهاتوە، کە پێش دابەشکردنی بەسەر نمونەی توێژینەوەکەدا، دابەشکراوە بەسەر (7) پسپۆڕی بواری کۆمەڵناسی، بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی گونجاوی ئامڕازی توێژینەوەکە بۆ جێبەجێکردن.

لە کۆتاییدا فۆرمێک ئامادەکرا، پێکهاتبو لە پرسیارە گشتییەکانی (ڕەگەز، تەمەن، پیشە، ئاستی خوێندن، باری کۆمەڵایەتی، پارێزگا، شوێنی نیشتەجێبون) لەگەڵ چەند تەوەرەیەکی تایبەت بە بابەتی توێژینەوەکە، کە بریتیبون لە تەوەرەکانی (بەکارهێنانی مۆبایل ٧ پرسیار، سایکۆلۆژی و ئاڵودەبون 9 پرسیار، تەندروستی 3 پرسیار، کۆمەڵایەتی 7 پرسیار، خوێندن و پسپۆڕی یان کارو پیشە 4 پرسیار. دوای ئامادەکردنی فۆرمی پێوەری توێژینەوەکە ئەم هەنگاوانەمان جێبەجێکرد:

١- ڕاستگۆیی ئامرازی توێژینەوەکە: لەم قۆناغەدا فۆرمی ئامادەکراو ئاڕاستەی چەند پسپۆڕێک کرا، بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی فۆرمەکە، تا بۆچونی خۆیان لەسەر بڕگەکان بخەنە ڕو، کە ژمارەیان (7 پسپۆڕ) بو، دوای وەرگرتنەوەی فۆرمەکان و جێبەجێکردنی ئەو تێبینی و گۆڕانکارییانەی پسپۆڕان لەسەر فۆڕمەکە خستبویانەڕو، ئەنجامی پێوەرکە (90%)، ئەمەش ئاستێکی گونجاوە بۆ جێبەجێکردن.

٢/ جێگیری: بەمەبەستی زانینی جێگیری فۆرمی ڕاپرسی لەبەرنامەی ( Statistical Package For Social Sciences – S.P.S.S) کرداری (ئەلفا کرۆنباخ) بەکارهێنرا، هەروەها تەوەرەکان بریتین لە بوارەکانی (بەکارهێنانی مۆبایل، سایکۆلۆژی و ئاڵودەبون، تەندروستی، کۆمەڵایەتی، خوێندن و پسپۆڕی یان کاروپیشە)، پرسیارەکان وەک یەک تەوەرو پێکەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکەین بۆ دەرهێنانی جێگیری لەم ڕوانگەیەوە دەرئەنجامی تەوەرەکانی (بەکارهێنانی موبایل و سایکۆلۆژی و تەندروستی و کۆمەڵایەتی و خوێندن کە ژمارەی بڕگەکانیان (٣٠) بڕگەیە بەهای ئەلفا کرونباخ (٠٧٤)ە.

٣/ فۆرمەکە بە شێوەی گۆگڵ فۆرم ئامادەکرا و بەشێوەی ئۆنلاین نێردراوە بۆ نمونەی توێژینەوەکە

**ئامڕازە ئامارییەکان:**

١. ڕێژەی سەدی: بۆ زانینی ڕێژەی وەڵامەکانی نمونەی توێژینەوەکە بەکارهاتوە.

٢. لادانی پێوەری: بۆ زانینی لادان لە خاڵی ناوەند بەکارهاتوە.

٣. هاوکێشەی ئەلفا کرونباخ: بۆ دەرهێنانی پلەی جێگیری تەوەرەکانی پرسیارنامەکە بەکارهاتوە.

**خستنەڕوی ئامانجەکان و شیکردنەوەی داتاکان**

## ئەنجامەکانی توێژینەوە:

دوای وردبینی کردنی وەڵامەکان لەڕێگەی داخڵکردنی داتاکان لە بەرنامەی (SPSS) پاکێجی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتییەکان، کارە ئامارییەکانمان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە ئەنجامدا، لەم خشتانەی خوارەوەدا ئەنجامەکان خرونەتەڕو:

## یەکەم: زانیارییە گشتییەکان

خشتەی (1)

زانیارییەکانی گشتییەکانی نمونەی توێژینەوەکە

| گۆڕاوەکان | دابەشبونی گۆڕاوەکان | دوبارە | % | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | 195 | 36.5 | 534 |
| | مێ | 339 | 63.5 | |
| تەمەن | 18 – 23 | 370 | 69.3 | 534 |
| | 24 – 29 | 98 | 18.3 | |
| | 30 – 35 | 66 | 12.4 | |
| پیشە | خوێندکار | 362 | 67.8 | 534 |
| | دەرچوی دانەمەزراو | 72 | 13.5 | |
| | فەرمانبەری حکومی | 44 | 8.2 | |
| | دامەزراوی کەرتی تایبەت | 26 | 4.9 | |
| | خۆبەخش | 9 | 1.7 | |
| | گرێبەست | 6 | 1.1 | |
| | پیشەوەر | 7 | 1.3 | |
| | کابانی ماڵ | 5 | 0.9 | |
| | هۆکاری تر | 3 | 0.6 | |
| ئاستی خویندن | نوسین و خوێندنەوە | 4 | 0.7 | 534 |
| | بنەڕەتی | 3 | 0.6 | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | ئامادەیی | 60 | 11.2 | |
| | دبلۆم | 65 | 12.2 | |
| | بەکالۆریۆس | 348 | 65.2 | |
| | خوێندنی باڵا | 54 | 10.1 | |
| باری کۆمەڵایەتی | سەڵت | 437 | 81.9 | 534 |
| | خێزاندار | 93 | 17.4 | |
| | جیابوەوە | 4 | 0.7 | |
| پارێزگا | سلێمانی | 217 | 40.6 | 534 |
| | هەولێر | 240 | 44.9 | |
| | دهۆک | 26 | 4.9 | |
| | هەڵەبجە | 51 | 9.6 | |
| شوێنی نیشتەجێبون | شار | 296 | 55.4 | 534 |
| | قەزا | 148 | 27.7 | |
| | ناحیە | 90 | 16.9 | |

لە نێوان زانیارییە گشتیەکانی نمونەی توێژینەوەکەدا دەردەکەوێت کە بەرزی ڕێژەی مێ لە وەڵامدانەوەی پرسیارنامەکاندا نیشاندەدات و هاوکات بەرزی ڕێژەی تەمەنی نێوان (18-23)ساڵ بە ڕێژەی (69.3%) وەك ئەگەرێکی نەرێنی بۆ دەرخستنی کاریگەری ئەنجامەکان لە سەر گەنجان لە دەستنیشان دەکەین، چونکە ئەوە قۆناغە لە تەمەنی گەنجێتی سەرەتایی چالاکی و بەشداربونە لە بواری کاردا و هاوکات قۆناغی خوێندنی پەیمانگا و زانکۆ لەو ماوەیەدا دەبێت و ئەوەش کاریگەری لە سەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و سەرمایەی کۆمەڵایەتی گەنجان هەیە کە وەك تیۆر لە ڕاڤەی لایەنە تیۆرییەکەدا ئاماژەی پێدراوە. لە هەمانکاتدا هەوڵدراوە هاوسەنگی لە نێوان دانیشتوانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بکرێت بە پێی گەورەیی ژمارەی دانیشتوانیان و لە نێوان دانیشتوانی شار و قەزا و ناحیەکانیشدا، بەڵام هاوسەنگییەکە پەیوەست بوە بە ژمارەی وەڵامدانەوەی نمونەکە (وەک لە خشتەکەدا ڕونە) تا چەند ئامادەباشییان هەبوە بۆ وەڵامدانەوە.

## دوەم: ئامانجەکانی توێژینەوەکە

**ئامانجی یەکەم: دەرخستنی ئاستی ئاڵودەبونی گەنجان بە بەکارهێنانی مۆبایلەوە:** بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە لە کۆی بوارەکاندا گشت ئەو پرسیارانە وەردەگرین کە ئاماژەن بۆ ئاڵودەبونی گەنجان بە بەکارهێنانی مۆبایلەوە، لەم خشتەیەی خوارەوەدا ئەنجامەکەی خراوەتەڕو:

خشتەی (2)

ئاستی ئاڵودەبونی گەنجان بە مۆبایلەوە

| پرسیارەکان | دابەشبونی گۆڕاوەکان | دوبارە | % | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| ١/ ماوەی چەندە مۆبایل بەکاردەهێنیت | ٥ ساڵ و زیاتر | 421 | 78.8 | 534 |
| | ٣ – ٤ ساڵ | 77 | 14.4 | |
| | ١ – ٢ ساڵ | 26 | 4.9 | |
| | ١ ساڵ کەمتر | 10 | 1.9 | |
| ٣/ کاتی تەرخانکراو (بەسەربردنی کات) بە مۆبایلەکەت لە ڕۆژێکدا | ٤ – ٥ کاژێر | 202 | 37.8 | 534 |
| | ٢ – ٣ کاژێر | 157 | 29.4 | |
| | ٦ کاژێر زیاتر | 116 | 21.7 | |
| | ٣١ خولەک – کاژێرێک | 49 | 9.2 | |
| | ١ – ٣٠ خولەک | 10 | 1.9 | |
| ٤/ لە سەعاتێکدا چەند جار چێکی مۆبایلەکەت دەکەیتەوە | ١ – ٢ جار | 196 | 36.7 | 534 |
| | ٣ – ٤ جار | 179 | 33.5 | |
| | ٥ جار زیاتر | 156 | 29.8 | |
| ٧/ کاتەکانی بەکارهێنانی مۆبایلت زیادیکردوە بەراورد بە سەرەتای بەکارهێنانی | بەڵێ | 279 | 52.2 | 534 |
| | تاڕاددەیەک | 141 | 26.4 | |
| | نەخێر | 114 | 21.4 | |
| ١/ بەشێوەیەکی ئاسایی لەکاتی خەوتن مۆبایلەکەت لەکوێ دادەنێیت؟ | نزیکی خۆم | 379 | 71 | 534 |
| | هەرشوێنێک بێت گرنگ نییە | 96 | 18 | |
| | دەرەوەی شوێنی خەوتن | 48 | 9 | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | هۆکاری تر | 11 | 2 | |
| ٣/ کاتێک لە خەو هەڵدەستیت ئارەزو دەکەیت یەکەم شت چی بکەیت؟ | چێکی مۆبایلەکەم | 271 | 50.7 | 534 |
| | شۆردنی دەم و چاو | 219 | 41 | |
| | نان خواردن | 31 | 6 | |
| | هۆکاری تر | 12 | 2.3 | |
| ٦/ لەکاتی شۆفێری یان هەر چالاکییەکی هاوشێوە وەڵامی پەیوەندی و نامە دەدەیتەوە؟ | نەخێر | 278 | 52.1 | 534 |
| | هەندێکجار | 186 | 34.8 | |
| | بەڵێ | 70 | 13.1 | |
| ٨/ لەکاتی نان خواردن، مۆبایلکەت بەشێکە لە سفرەی نان خواردنەکەت؟ | نەخێر | 314 | 58.8 | 534 |
| | هەندێکجار | 177 | 33.1 | |
| | بەڵێ | 43 | 8.1 | |

بەوجۆرەی لە ئەنجامی خشتەکەوە دەردەکەوێت بەشی زۆری وەڵامەکان ئاماژەیە بۆ ئالودەبونی گەنجان بە مۆبایلەوە، بۆ نمونە بەپلەی یەکەم و بەڕێژەی (78.8) گەنجان ماوەی پێنج ساڵ زیاترە مۆبایل بەکاردەهێنن هەروەها بەڕێژەی (37.8) کاتی بەسەربردنی مۆبایل لە ڕۆژەکەدا (٤ – ٥) کاتژمێرە، لە کاتژمێرێکدا بەڕێژەی (36.7) گەنجان (١- ٢) جار چێکی مۆبایلەکانیان دەکەنەوە، هەروەها بە ڕێژەی (52.2) ئاستی بەکارهێنانی مۆبایلیان بەراورد بە سەرەتای بەکارهێنانی زیادی کردوە. بەڕێژەی (71) لەکاتی خەوتندا مۆبایلەکەیان لە نزیکی خۆیان دادەنێن و ڕێژەی (50.7) یەکەم کارێک دوای هەستان لە خەو ئەنجامی بدەن چێک کردنەوەی مۆبایلەکانیان. بەڵام وەڵامی نەخێر لە هەریەک لە پرسیارەکانی وەڵامدانەوەی تەلەفون لە کاتی شۆفێری و بەکارهێنانی مۆبایل لە کاتی نانخواردندا بەرزترین ڕێژەی وەرگرتوە ئەوانیش (52.1) (58.8). بە گشتی لە کۆی هەشت پرسیار(هەشت گۆڕاو) شەش دانەیان وەڵامی کاریگەر و بەهێز وەك ئاماژەی ئالودەبون بە موبایل پلەی یەکەمی گرتوە لە نێو وەلامی لێتوێژراوەکاندا. لە شەش گۆڕاوی یەکەمدا دەرکەوتەکانی دروستبونی پەیوەندییەکی هێمایی لە نێوان گەنجان و موبایلەکانیاندا دەردەکەوێت بەهۆی ئامادەیی لە کات ( زۆری ماوەی بەکارهێنان و زیاتربونی بەراورد بە سەرەتا) شوێن (دانانی موبایل لە شوێنی خەوتن).

خشتەی (3)

ئاستی ئالودەبونی گەنجان بە مۆبایلەوە بەپێی ڕەگەز

| پرسیارەکان | دابەشبونی گۆڕاوەکان | نێر | | مێ | | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دوبارە | % | دوبارە | % | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کاتی تەرخانکراو (بەسەربردنی کات) بە مۆبایلەکەت لە ڕۆژێکدا | ٤ – ٥ کاژێر | 80 | 41 | 122 | 36 | 534 |
| | ٢ – ٣ کاژێر | 53 | 27.2 | 104 | 30.7 | |
| | ٦ کاژێر زیاتر | 36 | 18.5 | 80 | 23.6 | |
| | ٣١ خولەک – کاژێرێک | 21 | 10.8 | 28 | 8.3 | |
| | ١ – ٣٠ خولەک | 5 | 2.6 | 5 | 1.5 | |

لە خشتەکەوە دەرکەوێت ڕێژەی کاتی تەرخانکراو لای ڕەگەزی نێر(41)ە بۆ ماوەی ٤ – ٥ کاژێر لە ڕۆژێکدا و ئەمەش بەرزترە لە ڕێژەی ڕەگەزی مێ, بەڵام بە گشتی ماوەی ڕۆژانەی ٢ – ٣ کاژێر و ٦ کاژێر زیاتر ڕێژەی ڕەگەزی مێ بە (30.7) و (23.6) بەرزترە لە ڕێژەی ڕەگەزی نێر بۆ هەمان کات کە (27.2) و (18.5)ە بەمەش ئەگەر ماوەی ٢ – ٣ کاژێر وەک ماوەی ناوەند وەربگرین و ماوەی شەش کاژێر زیاتر وەک بەرزترین، ئەوا لە هەردو ماوەکەدا بەکارهێنان لای ڕەگەزی مێ زۆرترە و ئەمەش هاوئەنجامە لەگەڵ توێژینەوەی Tian و هاوڕێکانی، لەنێوان ڕەگەزەکاندا، کە ڕەگەزی مێ زیاتر ئاڵودەی مۆبایلە.

**ئامانجی دوەم:**

**ئامانجی دوەم: مەبەستەکانی بەکارهێنانی مۆبایل لەلایەن گەنجانەوە:** بەمەبەستی زانینی هۆکارو مەبەستەکانی بەکارهێنانی مۆبایل لەلایەن گەنجانەوە، لە کۆی پرسیارەکاندا ئەو پرسیارانەمان دەستنیشانکرد کە تایبەتە بە مەبەستەکانی بەکارهێنانی مۆبایل، ئەنجامەکەی لەم خشتەیەی خوارەوەدا خراوەتەڕو:

خشتەی (4)

مەبەستەکانی بەکارهێنانی مۆبایل لەلای گەنجان

| پرسیارەکان | دابەشبونی گۆڕاوەکان | دوبارە | % | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| ٢/ بۆ کام مەبەست مۆبایل بەکاردەهێنیت | ئینتەرنێت | 467 | 19.9 | 2353 |
| | پەیوەندیکردن | 422 | 18 | |
| | سەیرکردنی ڤیدیۆ | 380 | 16.2 | |
| | وێنەگرتن | 335 | 14.2 | |
| | نامە ناردن | 335 | 14.2 | |
| | گوێگرتن لە گۆرانی و مۆسیقا | 222 | 9.4 | |
| | یاریکردن | 129 | 5.5 | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | هیچیان | 7 | 0.3 | |
| | هۆکاری تر | 56 | 2.3 | |
| ٦/ مەبەستی سەرەکی بونی ئینتەرنێت لە مۆبایلەکەتدا | چات کردن | 381 | 18 | 2112 |
| | وەرگرتنی زانیاری | 340 | 16.1 | |
| | بۆ گەڕان | 329 | 15.6 | |
| | بەکارهێنانی ئەپلیکەیشنەکان | 305 | 14.5 | |
| | کات بەسەربردن | 266 | 12.6 | |
| | خوێندنەوە | 208 | 9.8 | |
| | خوێندنەوەی هەواڵ | 155 | 7.3 | |
| | ناردنی ئیمەیڵ | 104 | 5 | |
| | هۆکاری تر | 24 | 1.1 | |
| ٦/ مۆبایلەکەت لە چیدا کارئاسانی بۆ کردویت؟ | لەکاتی چاوەڕوانیدا سود لە مۆبایلەکەم وەردەگرم | 367 | 36 | 1022 |
| | لەکاتی پشودا سود لە مۆبایلەکەم وەردەگرم | 349 | 34.1 | |
| | پلانی ژیانی ڕۆژانە دابنێم | 150 | 14.7 | |
| | بەرهەم هێنەریم کاتێک شتێک ئەنجام دەدەم | 145 | 14.2 | |
| | هۆکاری تر | 11 | 1 | |

بەوجۆرەی لە خشتەکەوە دەردەکەوێت، یەکەم مەبەستی بەکارهێنانی مۆبایل لەلایەن گەنجانەوە بەکارهێنانی ئینتەرنێتە لەڕێی مۆبایلەکانیانەوە، مەبەستی سەرەکی بونی ئینتەرنێتیش لە مۆبایلەکانیاندا بۆ چاتکردنە، لەگەڵ ئەمانەشدا لەکاتی چاوەڕوانیاندا سود لە مۆبایلەکانیان وەردەگرن .... لە خشتەکەوە دەتوانین ئەنجامگیری ئەوە بکەین بەکارهێنانی موبایل فرە لایەنە و لە یەککاتدا گەنجان بۆ زۆرترین ئامانج و هەمو ئەو تایبەتمەندیانەی کە موبایل دەستەبەری دەکات بەکاری دەهێنن و ئەمەش ڕەهەندێکی نادیاری هەیە لەوەدا کە ڕەنگە دەستبەرداربونی ئەو تایبەتمەندییانە قورس بێت و هاوکات دەستپێکی وابەستەبون بە موبایل وەهایە کە دەتوانێت چالاکییەکانی کاتی بەتاڵ بگرێتە خۆی و بەمەش بەشێکی تەواو بێت لە یادەوری و تایبەتمەندییە کەسیەکانی گەنجان.

هەروەها لە خشتەکەی خوارەوەدا کاتی تەرخانکراو بۆ خزمەتگوزارییە بەردەستەکانی مۆبایل لەلایەن گەنجانەوە نیشاندراوە:

خشتەی (5)

کاتی تەرخان کراوی بەکارهێنانی مۆبایل بۆ ئەم مەبەستانەی خوارەوە

| گۆڕاوەکان | کەمتر لە ٣٠ خولەک | | ٣١ خولەک – کاژێرێک | | ١ – ٢ کاژێر | | ٤ کاژێر و زیاتر | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دوبارە | % | دوبارە | % | دوبارە | % | دوبارە | % |
| پەیوەندیکردن | 396 | 74.2 | 96 | 18 | 34 | 6.3 | 8 | 1.5 |
| ئینتەرنێت | 31 | 5.8 | 123 | 23 | 184 | 34.5 | 196 | 36.7 |
| یاریکردن | 452 | 84.6 | 58 | 10.9 | 14 | 2.6 | 10 | 1.9 |
| وێنەگرتن | 473 | 88.6 | 50 | 9.4 | 7 | 1.3 | 4 | 0.7 |
| گوێگرتن | 250 | 46.8 | 174 | 32.6 | 84 | 15.7 | 26 | 4.9 |
| خوێندنەوە | 297 | 55.6 | 157 | 29.4 | 59 | 11 | 21 | 3.9 |

لەم خشتەیەدا کاتی بەکارهێنانی موبایل لەگەڵ خزمەتگوزراییە سەرەکییەکانی کە لە موبایلدا بەردەستە یەکانگیر کراوە. لە خشتەکەوە دەردەکەوێت زۆرترین کاتی بەکارهێنانی موبایل لە بەکارهێنانی ئینتەرنێتدا بەکاردەبرێت بە ڕێژەی (36.7%) لە چوار کاتژمێر و زیاتر، لە کاتێکدا خوێندنەوە کە کاتی زۆری دەوێت، ڕێژەی (3.9%)ی نمونەی توێژینەوەکەیە کە ئەو کاتە زۆرە لەسەر موبایلەکانیان بۆ خوێندنەوە تەرخان دەکەن.

**ئامانجی سێیەم: دەرخستنی کاریگەرییە ئەرێنی و نەرێنییەکانی موبایل لەسەر گەنج لەڕوی (سایکۆلۆژی، تەندروستی، کۆمەڵایەتی، خوێندن و پسپۆڕی):** لەم خشتانەی خوارەوەدا کاریگەرییەکانی مۆبایل لەسەر گەنجان نیشان دراوە:

**أ/ کاریگەرییە دەرونییەکان:**

خشتەی (6)

کاریگەرییە دەرونییەکانی بەکارهێنانی مۆبایل

| پرسیارەکان | دابەشبونی گۆڕاوەکان | دوبارە | % | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| ٤/ کاتێک مۆبایل بەکاردەهێنیت هەست بەچی دەکەیت؟ | بەفیرۆدانی کات | 392 | 21.9 | 1791 |
| | نارێکخراوی کات | 298 | 16.6 | |
| | هەست دەکەم بە هیچ ڕاناگەم | 221 | 12.3 | |
| | لەدەستدانی تەرکیز | 218 | 12.2 | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | هۆگری (ناتوانم بێ ئەو بژیم) | 211 | 11.7 | |
| | هەست بەدڵخۆشی دەکەم | 160 | 9 | |
| | خەمۆکی | 88 | 5 | |
| | دڵەڕاوکێ | 59 | 3.3 | |
| | کەم بونەوەی بڕوا بەخۆبون | 57 | 3.2 | |
| | بەفیڕۆدانی پارە | 38 | 2.1 | |
| | بیر لە کڕینی مۆبایلێکی نوێ دەکەمەوە | 34 | 1.9 | |
| | هۆکاری تر | 15 | 0.8 | |
| ٥/ تاچەند مۆبایل هۆکاری زیادبونی ماندوبی و شەکەتیتە؟ | هەندێکجار | 241 | 45.1 | 534 |
| | زۆر | 137 | 25.7 | |
| | زۆر زۆر | 105 | 19.7 | |
| | کەم | 51 | 9.5 | |
| ٩/ کاتێک لە مۆبایلەکەت دور دەکەویتەوە هەست بەچی دەکەیت؟ | ئەرکەکانم بە تەواوی ئەنجام دەدەم | 320 | 33.6 | 951 |
| | تەندروستیم باش دەبێت | 178 | 18.7 | |
| | هەست بەڕەزامەندی خود دەکەم | 166 | 17.5 | |
| | لە گلەیی و لۆمەی دەوروبەرم بەدور دەبم | 120 | 12.6 | |
| | هەست بە توڕەیی و بێتاقەتی دەکەم | 108 | 11.4 | |
| | توشی دژواری عاتفی کردوم | 35 | 3.7 | |
| | هۆکاری تر | 24 | 2.5 | |

بەوجۆرەی دەردەکەوێت گەنجان لە کاتی بەکارهێنانی مۆبایلدا بە پلەی یەکەم و دوەم و بەڕێژەی (21.9) (16.6) هەست بە بەفیڕۆدانی کاتەکانیان و نارێکخراوی کاتەکانیان دەکەن، بەرێژەی (12.3) و لە پلەی سێیەمیشدا هەست دەکەن کە فریای کارەکانیان ناکەون، هەریەک لە لەدەستدانی تەرکیز و هەستکردن بە هۆگربون بە مۆبایلەکانیانەوە بە ڕێژەی (12.2) (11.7) بە پلەی چوارەم و پێنجەم دین، بەڵام (هەستکردن بە دڵخۆشی لە بەکارهێنانی مۆبایلەوە) بە ڕێژەی (0.9) لە پلەی شەشەمدا دێت. هەروەها دوبارەبونەوە لە هەڵبژاردنی بژاردەکاندا کە گەشتۆتە (1791) جار بۆ کۆی بژاردەکان ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە زیاد لە چەند لایەن و نزیکەی زیاتر لە سێ ئەوەندەی نمونەی توێژینەوەکە

بژاردەکان قبوڵ کراونک ئەمەش ئاماژەیە بۆ کاریگەردانانی موبایل لەسەر گەنجان لە بە فیرۆدانی کاتەوە تا هەستە ناوەکییەکانی وەك خەمۆکی و دڵەڕاوکێ و کەمبونەوەی بڕوابەخۆبون.

لە وەڵامی ئەوەی تاچەند مۆبایل هۆکاری زیادبونی ماندویی و شەکەتیتە، لە ئاستی یەکەمداو بەڕێژەی (45.1) گەنجان بڕوایان وایە ئەو ماندویی و شەکەتیەی هەیانە بەهۆی مۆبایلەوەیە، هەریەک لە بژاردەکانی (زۆر، زۆر زۆر) لە ئاستی دوەم و سێیەمدان بە ڕێژەی (25.7) (19.7).

هەریەک لە (ئەرکەکانم بە تەواوی ئەنجام دەدەم، تەندروستیم باش دەبێت، هەست بە ڕەزامەندی خود دەکەم) بەڕێژەی (33.6) (18.7) (17.5) یەک لەدوای یەک بە پلەی یەکەم و دوەم و سێیەم دێت. لە نێوان گۆڕاوی ماندوێتی و شەکەتی لە بەکارهێنانی موبایل لەگەڵ دورکەوتنەوە لە موبایل چەند یارمەتیدەرە بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکەکان، پەیوەندییەکی ڕاستەوانە هەیەک بەوەی کە موبایل لە بە جێگەیاندنی ئەرکەکان گەنجانی دورخستۆتەوە و هاوکات بەبێ بە جێگەیاندنی ئەرکیش هەستکردن بە ماندوێتی و شەکەتی ڕێژەکەی بەرزە.

لە کۆی ئەم ئەنجامانەشدا بۆمان دەردەکەوێت کاریگەرییە نەرێنییەکان پلەکانی یەکەم و دوەم و سێیەمیان گرتوەو زیاتر لەسەر گەنجان ڕەنگدانەوەی هەیە. واتە لە ڕوی دەرونییەوە کاریگەرییە نەرێنییەکان زیاترن وەک لە ئەرێنییەکان.

### ب- کاریگەرییە تەندروستییەکان:

خشتەی (7)

مۆبایل و کاریگەرییە تەندروستییەکان

| پرسیارەکان | دابەشبونی گۆڕاوەکان | دوبارە | % | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| ١/ کاتێک مۆبایل بەکاردەهێنیت لەم کێشە تەندروستیانەت ڕوبەڕو دەبێتەوە؟ | کێشەی چاو | 352 | 29.5 | 1195 |
| | ئازاری مل | 281 | 23.5 | |
| | سەر ئێشە | 259 | 21.7 | |
| | تورەبون | 133 | 11.1 | |
| | ئازاری جەستە | 94 | 7.9 | |
| | کێشەی گوێ | 60 | 5 | |
| | هۆکاری تر | 16 | 1.3 | |
| ٢/ بەکارهێنانی مۆبایل هۆکاری زیادبونی کێشی جەستەتە | نەخێر | 313 | 58.6 | 534 |
| | تاڕاددەیەک | 132 | 24.7 | |
| | بەڵێ | 89 | 16.7 | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣/ مۆبایلەکەت بەرامبەر چالاکییە فیزیکیەکانی دیکە زیاتر بەکاردەهێنیت؟ | بەڵێ | 248 | 46.4 | 534 |
| | تاڕاددەیەک | 192 | 36 | |
| | نەخێر | 92 | 17.6 | |
| ٢/ بەکارهێنانی مۆبایل چ کاریگەرییەکی لەسەر خەوت هەبوە | وایکردوە خەوم نارێك بێت | 205 | 27.6 | 741 |
| | هیچ کێشەیەکم بۆ دروست ناکات | 192 | 26 | |
| | کاتی زیاترم پێویستە بۆ چونە ناو خەوێکی قوڵ | 166 | 22.4 | |
| | شەوقی مۆبایلەکەم هۆکارە بۆئەوەی خەوێکی تەندروستم نەبێت | 97 | 13 | |
| | خەوم دەزڕێ | 81 | 11 | |
| | هۆکاری تر | / | | |
| ٧/ لەکاتی شۆفێری بەهۆی بەکارهێنانی مۆبایل توشی ڕوداوی هاتوچۆ بویت؟ | نەخێر | 509 | 95.3 | 534 |
| | بەڵێ | 25 | 4.7 | |

بەوجۆرەی لە خشتەکەدا دەردەکەوێت لە پلەکانی یەکەم و دوەم و سێیەمدا و بەڕێژەی (29.5) (23.5) (21.7) مۆبایل کێشەی (چاو، ئازاری مل، سەرئێشە)ی لای گەنجان دروست کردوە. لە وەڵامی ئەم گۆڕاوەدا دوبارەبونەوە لە دیاریکردنی بژاردەکاندا زیاتر لە دو هێندەیە و ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە موبایل کاریگەری لەسەر زیاتر لە ئەندامێکی جەستە داناوە لە ڕوی تەندروستیەوە.

بەڵام لە بەرزترین ئاستداو بەڕێژەی (58.6) گەنجان لەو باوەڕەدا نین مۆبایل ببوبێتە هۆکاری زیادبونی کێشی جەستەیان و بە ڕێژەی (24.7) تاڕاددەیەک و بەڕێژەی (16.7) بە تەواوی لەو باوەڕەدان بەکارهێنانی مۆبایل هۆکارە بۆ زیادبونی کێشی جەستە.

هەروەها لە بەرزترین ئاست و بەڕێژەی (46.4) لەو باوەڕەدان زیاتر لە هەر چالاکییەکی فیزیکی دیکە مۆبایل بەکاردەهێنن، ئەم وەڵامە ڕاستاندنە بۆ وەڵامی خشتەی پێشو کە دورکەوتنەوە لە موبایل یارمەتیدەرە بۆ بە جێگەیاندنی ئەرکەکانی گەنجان بە تەواوی. هەروەها بەڕێژەی (36) تاڕاددەیەک و (17.6) بەهیچ جۆرێک لەو باوەڕەدا نین کە مۆبایل زیاتر بەکاربهێنن.

هەرچی دەربارەی خەویشە، لە خشتەکەدا دەردەکەوێت بەڕێژەی (27.6) و لە ئاستی یەکەمدا مۆبایل هۆکاربوە بۆ نارێکی خەو لای گەنجانی نمونەی توێژینەوەکە، بەڵام لە ئاستی دوەمداو بەڕێژەی (26) مۆبایل هیچ کێشەیەکی بۆ خەوی گەنجانی نمونەی توێژینەوەکە دروستنەکردوەو لە ئاستی سێیەمدا و بەڕێژەی (22.4) هۆکار بوە کە تاک پێویستی بەکاتی زیاترە بۆ چونە ناو خەوێکی قوڵەوە.

هەروەها بونی ڕوداوی هاتوچۆ بەهۆی بەکارهێنانی مۆبایلەوە لای گەنجان ڕێژەیەکی کەمەو لەخشتەکەوە دەردەکەوێت تەنیا ڕێژەی (4.7) گەنجانی نمونەی توێژینەوەکە بەهۆی بەکارهێنانی مۆبایل لەکاتی شۆفێریدا ڕوبەڕوی ڕوداوی هاتوچۆ بونەتەوە، دەکرێت بڵێین ئەمەش نیشانەی هۆشیاری گەنجانە بۆ بەکارنەهێنانی مۆبایل لە کاتی شۆفێریدا. بە تێکڕایی گۆڕاوەکان بژاردەی زیانە تەندروستییەکان بەرزە هەر لەکاریگەردانانە سەر ئەندامەکانی جەستەوە تا نارێکی لە خەودا.

## ج- کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکان:

خشتەی (8)

کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی مۆبایل

| پرسیارەکان | دابەشبونی گۆڕاوەکان | دوبارە | % | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| ١/ مۆبایلەکەت لەڕوی کۆمەڵایەتییەوە مانای چییە؟ | ڕێگەیەکە بۆ هاوبەشپێکردنی یادەوەرییەکانم لەگەڵ ئەوانی دیکە | 247 | 25.7 | 960 |
| | هۆکاری کەمتەرخەمی و دواکەوتنی ئەرکەکانمە | 237 | 24.7 | |
| | هۆکارە بۆ بەهێزبونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانم | 199 | 20.7 | |
| | بونی پەیوەندی جێگیرو هەمیشەیی لەگەڵ دەوروبەرەکەم | 178 | 18.5 | |
| | هۆکاری پچڕانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانمە | 89 | 9.3 | |
| | هۆکاری تر | 10 | 1.1 | |
| ٢/ لە چ ڕێگەیەکەوە پەیوەندی لەگەڵ کەس و هاوڕێ و خزمان و خێزانەکەت دەکەیت | قسەکردن بە مۆبایل | 317 | 37.1 | 855 |
| | ڕوبەڕو | 300 | 35.1 | |
| | کورتە نامە | 233 | 27.3 | |
| | هۆکاری تر | 5 | 0.5 | |
| ٣/ چ شتێک هاوکارە لە دروستکردنی پەیوەندی هاوڕێیەتیدا؟ | ئەپڵیکەیشنەکان | 205 | 27.4 | 748 |
| | مۆبایل | 188 | 25.1 | |
| | فەیسبوک | 155 | 20.7 | |
| | کورتە نامە | 130 | 17.4 | |
| | هۆکاری تر | 70 | 9.4 | |
| | توانای مێشکمی بۆ هەڵگرتنی زانیاری سنوردار کردوە | 285 | 28.7 | 994 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٤/ مۆبایلەکەت بەچ شێوازێک کاریگەری کۆمەڵایەتی لەسەرت دروست کردوە؟ | بازنەی پەیوەندییەکانمی فراوان کردوە | 209 | 21 | |
| | سەردان و کۆبونەوەکانمی لەگەڵ ئەوانی تر کەم کردۆتەوە | 167 | 16.8 | |
| | پەیوەندی و کارلێکە ڕوبەڕوەکانمی کەم کردۆتەوە | 151 | 15.2 | |
| | پەیوەندییەکانمی توشی دژواری کردوە | 94 | 9.5 | |
| | متمانەی کۆمەڵایەتی لاواز کردوم | 78 | 7.8 | |
| | هۆکاری تر | 10 | 1 | |
| ٥/ مۆبایلەکەت بەچ شێوازێک کاریگەری لەسەر پەیوەندییەکانت کردوە؟ | کارئاسانیم بۆ دەکات بۆ مانەوەم لەگەڵ ئەو کەسانەی گرنگیان پێدەدەم | 320 | 33.2 | 964 |
| | کارئاسانیم بۆ دەکات لە دۆزینەوەی هەر کەسێک بمەوێت | 289 | 30 | |
| | ژمارەی هاوڕێکانم زیادیان کردوە | 212 | 22 | |
| | دوری خستومەتەوە لە پەیوەندی حەقیقی | 137 | 14.2 | |
| | هۆکاری تر | 6 | 0.6 | |
| ٧/ ئەگەر کەسێک پێویستی پێت بێت بۆئەوەی پەیوەندیت پێوە بکات، پێت باشە لە چ ڕێگەیەکەوە بێت؟ | ناردنی نامە | 204 | 20 | 1024 |
| | تەلەفون | 262 | 25.6 | |
| | سەردانی ماڵەوە | 124 | 12.1 | |
| | بینین لە شوێنە گشتییەکان | 101 | 9.9 | |
| | بەپێی کەس و بابەت ئامرازی پەیوەندی دەگۆڕێت | 301 | 29.4 | |
| | حەزم لە پەیوەندی نییە | 28 | 2.7 | |
| | هۆکاری تر | 4 | 0.3 | |

لە خشتەکەوە دەردەکەوێت لەڕوی کۆمەڵایەتییەوە مانای مۆبایل لای گەنجان بە پلەی یەکەم و دوەم و سێیەم و بەڕێژەکانی (25.7) (24.7) (20.7) بریتین لە (ڕێگەیەکە بۆ هاوبەشپێکردنی یادەوەرییەکانم لەگەڵ ئەوانی دیکە، هۆکاری کەمتەرخەمی و دواکەوتنی ئەرکەکانمە، هۆکارە بۆ بەهێزبونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانم). هاوکات ڕێژەی (9.8)ی گەنجان بە پێچەوانەوە پێیانوایە هۆکاری لاوازبونی پەیوەندییەکانیانە ئەمە لە خۆیدا دژ بەیەکییەکی تێدایە لەوەی گەنجان بە شێوەی ڕون لە بەکارهێنانی موبایلدا شێوازی کاریگەردانانەکەی لەسەر خۆیان لا ڕون نییە و لە زۆرترین باردا ئەو شێوازە پەیوەندییەی موبایل دەستەبەری دەکات وەك بە هێز بونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان دەبینن. لە وەڵامی گۆڕاوی چوارەمی خشتەکەدا دو بژاردەی نزیك لەیەك ڕێژەی(16.8) (15.2) پەیوەندی وسەردان و کارلێکە

ڕوبەڕوەکانیان توشی لاوازی و کەمی بوە و ڕێژەی (9.2) پەیوەندییەکانیان توشی دژواری بوەتەوە. ئاماژەی ڕودانی کارلێکی هێمایی لاواز لەم ئاستەدا دەردەکەوێت کە ڕێژەیەك لە گەنجان هەستیان پێکردوە و هاوکات ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئاستی گۆڕانی پەیوەندی ستونی بۆ ئاسۆی بە کاریگەری موبایل لە هەڵکشاندایە چونکە ڕێژەی (21) گەنجانیش بازنەی پەیوەندییەکانیان فراوان بوە. ئەم دو هەڵبژاردنە جیاوازە و پێشبینی ئەوە فەراهەم دەکات کە گەشەکردنی ئاسۆی پەیوەندییەکان لە ڕوی ستونیەوە لاوازی و دژواری بۆ پەیوەندییەکان دێنێتە پێشەوە. بۆ مەبەستی پەیوەندیکردنیش (قسەکردن بە مۆبایل، ڕوبەڕو، کورتەنامە) بە ڕێژەکانی (37.1) (35.1) (27.3) بەپلەی یەکەم و دوەم و سێیەم دێن، لە بواری دروستکردنی پەیوەندییەکانیشدا هەریەک لە (ئەپڵیکەیشنەکان، مۆبایل، فەیسبوک) بە ڕێژەی (27.4) (25.1) (20.7) بە پلەی یەکەم و دوەم و سێیەم دێن. بە بڕوای گەنجانیش کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکانی مۆبایل لە پلەی یەکەم و دوەم و سێیەمدا بریتین لە (توانای مێشکمی بۆ هەڵگرتنی زانیاری سنوردار کردوە، بازنەی پەیوەندییەکانمی فراوان کردوە، سەردان و کۆبونەوەکانمی لەگەڵ ئەوانی تر کەم کردۆتەوە) بە ڕێژەی (28.7) (21) (16.8). بە بڕوای گەنجان و لە پلەکانی یەکەم و دوەم وسێیەمدا و بەڕێژەکانی (33.2) (30) (22) هەریەک لە (کارئاسانیم بۆ دەکات بۆ مانەوەم لەگەڵ ئەو کەسانەی گرنگیان پێدەدەم، کارئاسانیم بۆ دەکات لە دۆزینەوەی هەر کەسێک بمەوێت، ژمارەی هاوڕێکانم زیادیان کردوە) کاریگەریان لەسەر پەیوەندییەکانیان کردوە. بەوجۆرەی دەردەکەوێت کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکان هەردولایەنی ئەرێنی و نەرێنی گرتوە، ئەمەش ئاماژەیە بۆئەوەی ئەگەر مۆبایل بەشێوەیەکی ئەرێنی و دروست بەکاربهێنین کاریگەری ئیجابی زیاتر بێت و بە پێچەوانەشەوە.

**د- کاریگەرییەکانی مۆبایل لەسەر خوێندن و پسپۆڕی:**

خشتەی (9)

کاریگەرییەکانی مۆبایل لەسەر بواری خوێندن و پسپۆڕی

| پرسیارەکان | دابەشبونی گۆڕاوەکان | دوبارە | % | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| ١/ مۆبایل چ کاریگەرییەکی لەسەر لایەنی خوێندن یان کارو پیشەت هەیە؟ | ئامرازێکی گرنگە بۆ دەستکەوتنی زانیاری | 461 | 71 | 649 |
| | ئاستی بەکارهێنانی کۆمپیوتەری کەم کردۆتەوە | 179 | 27.6 | |
| | هۆکاری تر | 9 | 1.4 | |
| ٢/ مۆبایلەکەت لەبواری خوێندن و پیشەکەتدا بۆ چ مەبەستێک بەکاردەهێنیت؟ | بۆ فێربون دەربارەی ئیشەکەم | 349 | 34.9 | 1000 |
| | بۆ پێشکەوتنی کارەکەم | 254 | 25.4 | |
| | لەناو پۆلدا بۆ وێنەگرتنی زانیارییەکانی سەر بۆرد | 230 | 23 | |
| | بۆ دۆزینەوەی کار | 155 | 15.5 | |
| | هۆکاری تر | 12 | 1.2 | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٣/ بەچ شێوازێک سودتت لە مۆبایل وەک سەرچاوەی زانیاری وەرگرتوە؟ | لەڕێگەی ئەپڵیکەیشنەکان وەک فەرهەنگەکان | 382 | 27.3 | 1399 |
| | ڕێگەیەکە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی هەمە دەربارەی وانە یان کارەکەم. | 358 | 25.6 | |
| | ئاسانکاری دەکات بۆ داخل بون بە وێبسایت یان ئەپڵیکەیشنەکانی تایبەت بە وانەکان یان کارەکەم. | 342 | 24.5 | |
| | هاوکارمە لە تێگەیشتن لە بابەتەکانی خوێندن. | 315 | 22.5 | |
| | هۆکاری تر | 2 | 0.1 | |
| ٤/ مۆبایل چ کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەرت هەیە؟ | ئامرازێکە زۆر سەرقاڵم دەکات بە بابەتەکانی دیکەی ژیانەوە | 298 | 33.5 | 889 |
| | گرنگیدان بە وانەکان و کارەکەم کەمبۆتەوە | 241 | 27.1 | |
| | یارمەتیدەرە لە بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی ماڵەوەم | 200 | 22.3 | |
| | نمرەی وانەکانم و داهاتی کارەکەم کەمبۆتەوە | 136 | 15.3 | |
| | هۆکاری تر | 14 | 1.6 | |

لە خشتەکەوە دەرکەوێت کە گۆڕاوی بەکارهێنانی موبایل وەك ئامرازی دەستکەوتنی زانیاری ڕێژەی(70)ی بژاردەکانی گرتوە و لە سێ پرسیاری یەکەمی تایبەت بە خوێندنەوە ئاماژەی بژاردەی ئەرێنی کاریگەری موبایل لەسەر ئاستی خوێندن ڕێژەی یەکەمی و بەرزی وەرگرتوە لە وەڵامی لێتوێژراوانەوە، ڕێژەی (70) بۆ دەستکەوتنی زانیاری و ڕێژەی (34.9) بۆ فێربون دەربارەی ئیش و ڕێژەی (27.3) بەکارهێنانی ئەپلیکەیشنی فەرهەنگەکان وەك سەرچاوەی زانیاری بەکاردەهێنن. بەڵام لە ڕوی لایەنی ئەرێنیەوە ڕێژەی (33.5) سەرقاڵی دروستدەکات بۆ بابەتەکانیتری ژیان و پاشان ڕێژەی (27.1) کاریگەری لەسەر گرنگیدان بە وانەکان و کاری گەنجان کەمبوەتەوە.

## ئەنجامی توێژینەوەکە:

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

1. زۆرینەی نمونەی توێژینەوەکە ڕەگەزی مێیە بەڕێژەی (63.5)، تەمەنی زۆرینەی نمونەکە(18-23) ساڵە بەڕێژەی (69.3)، ئاستی خوێندنی زۆرینەی نمونەکە خوێندکارن بەڕێژەی (67.8)، ئاستی خوێندنی زۆرینەی نمونەکە بکالوریۆسن بەڕێژەی (65.2)، ئاستی کۆمەڵایەتی زۆربەی نمونەکە سەڵتن (81.9)، زۆرینەی نمونەکە لە پارێزگای هەولێرن (44.9)، زۆرینەیان دانیشتوی ناو شارەکانن (55.4).
2. زۆرترین نمونەی توێژینەوەکە (5 ساڵ و زیاتر) موبایل بەکاردەهێنن، و ڕۆژانە بۆماوەی (4-5)کاژێر، بەلایەنی کەمەوە لەکاژێرێکدا (1-2) جار چێکی مۆبایلەکەیان دەکەنەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بەراورد بە پێشترکاتی بەکارهێنانی مۆبایلیان زیادیکردوە، لەکاتی خەوتنیش مۆبایلەکانیان نزیکی خۆیان دایدەنێن، جگەلەوەش یەکەم ئیش دوای لەخەوهەڵسان چێکی مۆبایلەکانیان دەکەن. بە لەبەرچاوگرتنی ڕێژەی بەرزی گۆڕاوەکانی وەک ماوەی بەکارهێنان، زۆری

کاتبەسەربردن بە موبایل، چێکردنەوەی بەردەوام، زیادبونی بەکارهێنان و دانان لە شوێنی خەوتن، ئاڵودەبونی گەنجان بە موبایل دیاردەییەکی نێو گەنجانەوە. بە بەراورد بە توێژینەوەکانی پێشوتر دەرئەنجامی ئاڵودەبون هاوشێوەیە.

3. بەگشتی سەرباری بەرزی ڕێژەی ساڵی بەکارهێنان لای ڕەگەزی نێر، بەڵام ماوەی کاژێری بەکارهێنان لای ڕەگەزی مێ زۆررترە و بەتایبەت لە بەرزترین ماوەی وەرگیراو لە توێژینەوەکەدا کە شەش کاژێر زیاترە، ئەمەش هاوئەنجامە لەگەڵ توێژینەوەی Tian و هاوڕێکانی، لەنێوان ڕەگەزەکاندا، کە ڕەگەزی مێ زیاتر ئاڵودەی مۆبایلە.
4. مەبەستی بەکارهێنانی مۆبایل لای گەنجان بۆ بەکارهێنانی ئینتەرنێت و پەیوەندیکردنە، بۆ چاتکردن و بەسەربردنی کاتە، لەکاتی چاوەڕوانی و پشودا. بە گشتی نیشاندانەوە و وەڵامی گەنجان لە بارەی موبایلەکانیانەوە تەنها ئامرازی پەیوەندیکردن و بەکارهێنانی ئینتەرنێتە، لەکاتێکدا ئاماژە و گۆڕاوەکانی پەیوەند بە ئاڵودەبونەوە بەرزی ئاستی ئاڵودەبون نیشاندەدات، ئەمەش مانای ئەوەیە کە موبایل لە دەلالەتە ئامرازیەکەوەیە گۆڕاوە بۆ ئامرازێکی ئاڵودەبونی شاراوە لای گەنجان.
5. کاریگەرییە نەرێنییەکانی: بەفیڕۆدانی کات، زیادبونی ماندویی و شەکەتی، ئەنجامنەدانی ئەرکەکانە، لە هەمان کاتدا بوەتە هۆی دروستکردنی کێشەی چاو، نارێکی خەو، ئەنجامنەدانی چالاکی فیزیکی، زیاتر لەوانەش توانای مێشکی بۆ هەڵگرتنی زانیاری سنوردارکردووە، هۆکاری دروستکردنی سەرقاڵی زیادە و ناپێویستە، هۆکاری نیگەرانی هەستنەکردنە بە ئاسایشی کۆمەڵایەتی. ئەمەش هاوشێوەی توێژینەوەی Lis-gutiérrez and Zapata-patarroto)، 2023). کە لە توێژینەوەکانی پێشودا ئاماژەی پێدراوە.
6. ڕێگەیەکی هاوبەشپێکردنی یادەوەرییەکان و پەیوەندییە لەگەڵ ئەوانیتردا، لە کاتێکدا هۆکاری دروستکردنی پەیوەندی و مانەوەی پەیوەندییە لەگەڵ ئەو کەسانەی گرنگن بۆیان، لە هەمان کاتدا ئامرازێکی گرنگە بۆ دەستکەوتنی زانیاری و فێربون. ئەوەش لە ڕاڤەکردنی خشتەی (8)ەوە دەرکەوت کە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی گەنجان لەلایەکەوە فراوانبوە و بازنەی پەیوەندییەکان گەشەی کردوە و لەلایەکیترەوە لە ئاستی پەیوەندییە پلە یەکەمی و ستونییەکاندا لاوازی و گرژی دروستبوە، بەمەش دۆخێکی دژ یەکی لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی گەنجاندا بە بەکارهێنانی موبایل دروستبوە.

**ڕاسپاردە :** لە بەرمەبنای ئەو ئەنجامانەی توێژینەوەکە پێیگەیشتوە، ئەم ڕاسپاردانە دەخەینەڕو:

1. ناوەندەکانی خوێندن وانەی تایبەتیان هەبێت لە بارەی هۆشیار بەکارهێنانی موبایل و کاریگەرییەکانی لە سەر گەنج و لاوان.
2. دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەرنامە تایبەت بکەن بە هەڵمەتی هۆشیاری و خستنەڕوی لایەنە نەرێییەکانی موبایل.
3. پسپۆرانی پزیشکی و دەرونی و کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی وەزارەت و ناوەندە تایبەکانی خۆیانەوە توێژینەوە زانستییە تایبەتەکان لەم بوارەدا بخەڕو.
4. خێزان لە بارەی بەکارهێنانی موبایلەوە چاودێری و تایبەتی هەبێت و ڕێگەنەدرێت پێش تەمەنی هەژدە ساڵی لاوان موبایل بەکاربێنن.
5. ناوەندە ڕێکخراوەییەکانی گەنجان کۆرسی تایبەتیان هەبێت بۆ گەنجان بە پشت بەستن بە پسپۆڕانی ئەم بوارە.

**پێشنیار:** لە کۆتایی توێژینەوەکە پێشنیار دەکەین کە: توێژینەوەی هاوشێوە ئەنجام بدرێت بەناونیشانی:

1. کاریگەری بەکارهێنانی موبایل لەسەر ئاستی خوێندنی زانکۆیی.

2. کاریگەری بەکارهێنانی موبایل لەسەر پەیوەندی پیشەیی.
3. ڕۆڵی ئەپلیکەشنەکانی فێربون لە سەر ئاستی خوێندن.
4. کاریگەری موبایل لە سەر گۆڕانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە ستونییەکان بۆ پەیوەندی ئاسۆیی.

# Social Impacts of Mobile Addiction Among Youth

## A Field Study in the Kurdistan Region

**Chiya Faiq Rashid[1] – Parwin Abubakir Muhammed[2] – Taban Khalid Ahmed[3]**

[1+2+3] Department of Sociology, College of Humanities, University of Sulaimani, Slemani, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract:

Mobile phones are important for communication and social interactions and are crucial to people's lives. It is for protecting social relationships and exchanging information among people. This study aims to explain the social consequences of mobile addiction among youth in the Kurdistan Region and identify the positive and negative effects. A combination of symbolic interaction theory and social capital theory is applied. In March of 2024, the data were collected from 534 random youth in the governorates of Erbil, Slemani, Duhok, and Halabja through a questionnaire on Google Forms. The results showed that mobile addiction has psychological, health, social, and educational impacts. It has changed all the types of social interactions between individuals and social capital. The most important consequences are that mobile devices are a way of sharing memories and communications with others, are a factor in building and continuing communication with others, and are a significant device for learning and getting information. In contrast, mobiles have negative effects, which are causing waste of time, increased fatigue, failure to complete tasks, anxiety, and not feeling a sense of social security. Moreover, this device caused eye problems, sleep disorders, and a lack of physical activity. Furthermore, the device limits the brain's ability to store information, and it leads to excessive and unnecessary distractions. In addition, it has caused weakness and tension at the level of the primary and vertical relations. This has led to a contradictory situation in the youths' social relationships.

**Keywords:** Mobile, Mobile addiction, Social relationships, Youth.

**سەرچاوەکان:**

**پەرتوکی عەرەبی:**


بدوي، د. احمد زكي (1982) *معجم مصطلحات العلوم الاجتماعية*. الثانية: مكتبة لبنان.

حسن، احسان محمد (1999) *النظريات الاجتماعية*.

خليل، منى عطية خزام (2017) *رأس المال الاجتماعي في عالم متغير*. الاولى. الاسكندرية: المكتب الجامعي الحديث.

سكوت، جون، و جوردن، مارشال (2011) *موسوعة علم الاجتماع*. الثانية.تحريره الجوهري, محمد، محى الدين، محمد، و عبدالرشيد، محمود: المركز القومي للترجمة.

عثمان، د. ابراهيم عيسى (2008) *النظرية المعاصرة في علم الاجتماع*. عمان: دار الشروق.

عليان، ربحي مصطفى، و الطوباسي، عدنان محمود (2005) *الاتصال والعلاقات العامة*. عمان: دار صفاء للنشر.

مدكور، د. ابراهيم (1975) *معجم العلوم الاجتماعية*. الهيئة المصرية العامة للكتاب.


**گۆڤاری عەرەبی:**


فوزية، محمدي، و الزهراء، خدة فاطمة (2018) 'تأثير العنف الالكتروني في مواقع التواصل الاجتماعي على العلاقات الاجتماعية لدى الشباب - دراسة ميدانية بمدينة ورقلة'، *مجلة جيل العلوم الانسانية و الاجتماعية،المجلد 46*.


**نامەی ماستەری عەرەبی:**


ماضوي، مريم (2013) *تأثيرات الهاتف النقال على انماط الاتصال الاجتماعي لدى الطالب الجامعي -طلبة جامعة قسنطنة أنموذجا*.-


**پەرتوکی ئینگلیزی:**


Burt, Ronald Stuart (2001) 'Structural Holes versus Network Closure as Social Capital', in Lin, Nan, Cook, Karen, and Burt, Ronald Stuart (eds) *Social Capital: Theory and Research*, New Jersey: Aldine Transaction.

Coleman, James Samuel (1994) *Foundation of Social Theory*, 2nd edn: Harvard University Press.

Putnam, Robert David (1993) *Making Democracy Work: Civic Traditions in Modern Italy*, New Jersey: Princeton University Press.

Son, Joonmo (2013) *Social Capital and Institutional Constraints: A comparative analysis of China, Taiwan and the US*, First, New York: Routledge.


**گۆڤاری ئینگلیزی:**


Akyol, Nevra Atıs *et al.* (2021) 'Is the relationship between problematic mobile phone use and mental health problems mediated by fear of missing out and escapism ?', *Addictive Behaviors Report*, 14, pp. 1–6.

Al-kandari, Yagoub Yousif and Al-sejari, Maha Meshari (2020) 'Social isolation , social support and their relationship with smartphone addiction', *Information, Communication & Society*, 24(13), pp. 1925–1943.

, Stefanos, Lora, Chrysavgi and Walig´ora, Anna (2024) 'Increased mobile phone use in high school students as a social problem under the dimension of addiction', *Advances in Mobile Learning Educational Research*, 4(1), pp. 911–919.

Borth, David (2024) *Mobile telephone*. Available at: https://www.britannica.com/technology/mobile-telephone/Satellite-based-telephone-communication (Accessed: 31 December 2024).

Campbell, Marilyn A. (2005) 'The impact of the mobile phone on young people ' s social life', in *Social Change in the 21st Century Conference*, pp. 1–14.

Coleman, James Samuel (1988) 'Social Capital in the Creation of Human Capital', *American Journal of Sociology*, 94, pp. S95–S120.

Davazdahemami, Behrooz, Hammer, Bryan and Soror, Amr (2016) ‘Addiction to Mobile Phone or Addiction through Mobile Phone ?’, in *49th Hawaii International Conference on System Sciences*, pp. 1467–1476.

Ellis, David A. *et al.* (2019) ‘Do smartphone usage scales predict behavior?’, *International Journal of Human-Computer Studies*, 130, pp. 86–92.

Han, Feng and Binti Ghazali, Nor Mazlina (2024) ‘How negative life events affect mobile phone addiction among college students’, in *Salud, Ciencia y Tecnología - Serie de Conferencias*, pp. 1–11.

Han, Yahui *et al.* (2023) ‘Effect of Mobile Phone Addiction on Physical Exercise in University Students : Moderating Effect of Peer Relationships’, *International Journal of Environmental Research and Public Health*, 20(3), pp. 1–13.

He, Liming, Yang, Shaogang and Meng, Yangyang (2023) ‘Correlational Research on Mobile Phone Addiction and the Interpersonal Relationship Distress of Chinese College Students’, *Ethics in Progress*, 14(1), pp. 126–143.

Joy, Molly and Mathew, Anitha Mary (2016) ‘Mobile phone addiction among college youth’, 4(1), pp. 1–5.

Kabir, Humayun, Sarker, Jiban and Islam, Md. Reazul (2023) ‘The Impact of Mobile Phone Addiction on Education, Mental and Physical Health among University Students in Bangladesh’, *Eximia Journal*, 11, pp. 271–286.

Li, Guan-Ru *et al.* (2023) ‘Family functioning and mobile phone addiction in university students : Mediating effect of loneliness and moderating effect of capacity to be alone’, *Front. Psychol*, 14, pp. 1–10.

Lis-gutiérrez, Jenny Paola and Zapata-patarroto, Henry (2023) ‘Excessive Use of Mobile Phones and Social Networks Among Colombian University Students’, *EAI Endorsed Transactions*, 10(6), pp. 1–11.

Nahapiet, Janine and Ghoshal, Sumantra (1998) ‘Social Capital, Intellectual Capital, and the Organizational Advantage’, *Management Review*, 23(2), pp. 242–266.

Obilor, Ngozi (2023) ‘The Use of Mobile Phone and Social Relationships in Lagos Metropolis’, *The Progress*, 4(2), pp. 23–30.

Putnam, Ronald David (1995) ‘Bowling Alone: America’s Declining Social Capital’, *Journal of Democracy*, 6(1), pp. 65–78.

Rooij, Antonius J. Van and Prause, Nicole (2014) ‘A critical review of “ Internet addiction ” criteria with suggestions for the future’, *Journal of Behavioral Addictions*, 3(4), pp. 203–213.

Sakhawalkar, Shreesh Santosh *et al.* (2023) ‘Mobile Addiction Among Youth : Prevalence , Contributing Factors , and Policy Implications’, *International Journal of Novel Research and Development*, 8(5), pp. 291–293.

Sinha, Sanjeev *et al.* (2022) ‘A study on the effect of mobile phone use on sleep’, *Indian J ournal of Medical Research*, 155(3–4), pp. 380–386.

Statista (2024) *Forecast number of mobile users worldwide from 2020 to 2025*. Available at: https://www.statista.com/statistics/218984/number-of-global-mobile-users-since-2010/ (Accessed: 31 December 2024).

Tian, Jing *et al.* (2021) ‘Mobile Phone Addiction and Academic Procrastination Negatively Impact Academic Achievement Among Chinese Medical Students’, *Front. Psychol*, 12.

Yang, Shang-Yu *et al.* (2022) ‘Does Smartphone Addiction , Social Media Addiction , and / or Internet Game Addiction Affect Adolescents ’ Interpersonal Interactions ?’, *HealthCare*, 10(5), pp. 1–14.

Yao, Yuqi (2023) ‘A Review Study of Mobile Phone Addiction and Sleep Quality and Anxiety in College Students’, in *The 2nd International Conference on Interdisciplinary Humanities and Communication Studies*, pp. 186–191.